دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٦٢، پێنجشەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی، ٢١ی نۆڤامبری ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com

■ مستەفا هیجری: درێژە بە خۆپیشاندانەکان بدەن ٢

■ ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ٢

■ ناوەندی هاوکاری چەند داواکارییەکی ڕوو لە خەڵک و کۆمەڵگەی جیهانی بڵاو کردەوە ٣

ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات: «بێدەنگی بشکێنین» ٤



ڕێژیمی ئێران لە ڕێگای میلیشیاکانییەوە... ٦



ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون ٨



لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە ١٠

# شەقامی شار خرۆشاوە



ڕێکەوتی ٢٤ی خەزەڵوەر، بەپێی پەسندکراوێکی شۆرای باڵای هاوئاهەنگیی ئابووریی کاربەدەستانی هێزەکانی «یاسادانان، بەڕێوەری و دادوەری» ڕێژیمی تاران نرخی بێنزین لە ئێراندا بەمشێوەیە و یەکجێ گران بوو؛ «بێنزینی ئاسایی بە شێوەی سەهمییە، هەر لیترێک بە ١٥٠٠ تمەن. بێنزینی ئاسایی ئازاد، هەر لیترێک بە ٣ هەزار تمەن و بێنزینی سوپێر، هەر لیترێک بە ٣٥٠٠ تمەن». دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە و لە یەکەم کاردانەوەدا خەڵک لە شاری ئەهواز ناڕەزایەتییان دەربڕی و ڕژانە سەر شەقامەکان. زۆری نەخایاند کە خۆپیشاندەران لە شارە جیاجیاکانی ئێران، لەوانە: تاران، ئیسفەهان، کەرەج، تەورێز، شیراز، بێهبەهان، ئەهواز، ماهشەهر، زەنجان، ... و هەروەها شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لەوانە: سنە، مەریوان، جوانڕۆ، کرماشان، کامیاران، ورمێ، بۆکان، ئیلام و سەقز، خەڵک هاتنە سەر شەقام و دژ بە سیستمی حاکم و بڕیار و پەسندکراوەکانیان درووشمیان دا. ئەگەرچی لە سەرەتادا ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی خەڵک بەشێوەی هێمنانە بوو بەڵام زۆری نەخایاند کە سەرکوتکارانی ڕێژیم بەر بوونە گیانی هاووڵاتییانی ناڕازی و لە ماوەی چەند ڕۆژدا دەیان کەسیان شەهید کرد، سەدان کەسیان بریندار کرد و چەند هەزار کەسیشیان دەسبەسەر کرد.

بەهاتنە ئارای ئەم دۆخە خۆپیشاندەران دروشمەکانیان تەنیا لە گرانبوونی بێنزیندا بەرتەسک نەکردەوە و ڕادیکاڵتر لە پێشوو، ڕێبەریی ڕێژیم و ویلایەتی فەقیە و گشتییەتی ڕێژیمی حاکمیان کردە ئامانج کە ئەمانە پیشاندەری ڕق و قینی پەنگخواردووی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستانە.

بە وتەی خودی میدیاکانی ڕێژیم و میدیاکانی نزیک لە سپای تێرۆریستی پاسداران، لە زۆرتر لە ١٠٠ شار و ناوچەی ئێران و کوردستان، خۆپیشاندان هاتووەتە ئاراوە و تا ئێستا بەردەوامە. هەروەها دەیان بانک، پۆمپی بێنزین، ناوەندی حکوومەتی و ماشینی سەرکوتکەرانی ڕێژیم لەلایەن خەڵکەوە سووتێنراون.

پاش هەوڵەکانی ریژیم بۆ گۆڕینی ئاقاری ناڕەزایەتی دەربڕینەکان و هەوڵدانیان بۆ سەرکوتی زیاتری خەڵک، خامنەیی و چەندین گەورەلێپرساوی دیکەی ڕێژیم هاتنە سەر هێڵ و جووڵە مەدەنی و ناڕەزایەتی دەربڕینە خەڵکییەکانیان گرێ دایەوە بە دەوڵەتانی دیکە و وتیان کە ئەمە ئاژاوەگێڕییەکی بەرنامەبۆداڕێژراو بووە و زۆر زوو کۆنترۆڵ دەکرێ! بەڵام لە پاش چەند کاتژمێر بە فەرمی ڕاگەیەندرا کە قوتابخانە و زانکۆکان و بەشێکی بەرچاو لە ئیدارە حکوومەتییەکان دادەخرێن تاکوو قوتابییان و خوێندکاران بە خۆپیشاندەرانەوە پەیوەست نەبن، بەڵام ئەم هەوڵەشی نەزۆک مایەوە. خوێندکارانی زانکۆی تاران، ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە بە کۆبوونەوە لەبەر دەرگاکانی هاوتەریب لەگەڵ شەقامی ئینقلاب، ئەم دروشمانەیان داوە و هەڵوێستیان پیشان داوە: «خوێندکار ئاگایە، زانکۆ بەخەبەرە»، «ئێمە پشتیوانی ئەم خۆپیشاندانەین» و «خوێندکار، کرێکار، ڕاوەستاوین لە سەنگەر» و...

لە کوردستان جیاواز لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران، دۆخەکە ئاڵۆزترە و سەرکوتکەرانی ڕێژیم بەتوندی خەڵکی ناڕازی سەرکوت دەکەن و لە شارەکانی مەریوان، جوانڕۆ، سنە، کرماشان و بۆکان و... دەیان کەس شەهید بوونە و دەیانی دیکەش بریندار بوون. هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە شەهیدەکان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم کراونەتە ئامانج. لەو خۆپیشاندانانەدا، دەیان کەس شەهید کراون کە ناوی بەشێکیان بریتییە لە: «عوسمان نادری» و «بێهرووز مەلەکی» لە مەریوان، «موبین عەبدوڵڵاهی»، «کاوە محەممەدی» و «ئیبراهیم موڕادی» لە جوانڕۆ و «شلێر دادوەند» لە بۆکان و چەند هاووڵاتییەکی دیکە کە شوناسیان ناڕوونە. هاوکات منداڵێکی تەمەن ١٣ ساڵە بە ناوی «هیوا نادری» خەڵکی مەریوان و چەندین کەسی دیکە بەتوندی بریندار بوونە. هۆکاری نەبوونی زانیاری ورد لەسەر شەهید و بریندار و دەسبەسەرکراوانی ئەم دواییانەی کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆماری ئیسلامی بە درزنەکردنی زانیاری، هێڵی ئینتێرنێتی لەم وڵاتەدا پچڕاندووە و هیچ کەسێک ناتوانێ بەشێوەی ڕاستەوخۆ پێوەندی بە دەرەوەی وڵاتەوە بگرێ کە ئەم مەسەلە نیگەرانی قووڵی ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤی لێکەوتۆتەوە.

بەڵام ئەم سەرکوت و کوشتن و بڕینانە خەڵکی بێدەنگ نەکردووە. بانکەکانی «میللی، سادرات و ئەنسار» لە مەریوان، وێران کراون. هەروەها پۆمپی بێنزینی «خاوەری» و پۆمپی بێنزینی «کاوە کۆنەپۆشی»، ناسراو بە «کاوەی شێخ برا» کە ئەندامی سپای تێرۆریستی پاسداران لە مەریوانە، ئاگری تێبەردراوە. هەروەها لە شارەکانی دیکەی کوردستاندا، چەندین بانک، پۆمپێ بێنزین، ناوەندی ڕێژیم و ماشینی هێزەکانی ڕێژیم، لە ئاگردا سووتێنراون.

ئەم خۆپیشاندانانە لە حاڵێکدا بەردەوامە کە خودی ڕێبەری ڕێژیم، هەڕەشەی لە خەڵک کردووە و پشتیوانیی لە گرانبوونی بێنزین کردووە و وتوویەتی: «دەبێ بێنزین گران بکرێت». لە هەمان کاتدا، ناڕازییانی بە ئاژاوەگێڕ و «ئەشرار» ناو لێبردووە کە دژی ئینقلابن و دەبێ سەرکوت بکرێن. هەروەها سەرۆکی دەزگای بەناو دادوەریی ڕێژیم وتوویەتی کە دەبێ بە شێوازێکی توند لەگەڵ ناڕازییاندا هەڵسوکەوت بکرێت. وەزارەتی ئیتلاعاتیش لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە: «سەرکوتی ئەشرار ئەرکی ئێمەیە». ئەمانە شتانێکی سەیر نییە و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەمیشە لەگەڵ کپکردنی دەنگی ناڕازیی خەڵک بووە و سەرکوت پیشەی هەموو کاتی بووە. بەدڵنیاییەوە هەر هەستانەوەیەکیش بە بەڵای گیانی خۆی دەزانێت، بۆیە بە دڕندانەترین شێواز بەرەوڕووی دەبنەوە.

وێڕای ئەم خەفەقانانە، ئامارە نافەرمییەکان باس لەوە دەکەن کە نزیکەی هەزار کەس لە ئێراندا بەگشتی دەسبەسەر کراون و ١٥٠ بانک و ناوەندی حکوومەتی ئاگریان تێبەردراوە و سەدان کەسیش بریندار بوونە و دەیان کەسیش کوژراون. لە هەمان کاتدا، دەیان سەرکوتکەر کوژراون و بریندار بوونە.

لەم نێوانەدا، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پشتیوانیی لەم خۆپیشاندانانە کردووە و ئەم ناڕەزایەتییانەیان بە ڕەوا زانیوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە چەندین ڕاگەیەندراودا پشتیوانیی لە دەنگی مافخوازیی خەڵک کردووە و بەڕێز «مستەفا هیجری»، لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکرات، داوای لە خەڵک کردووە کە درێژە بە خۆپیشاندان بدەن؛ ناوبراو ڕایگەیاندووە: «هەموو خەڵکی دنیا پشتیوانتانە، دەنگمان لەگەڵ دەنگتانە و دڵمان لە لاتانە».

جیا لەم هەڵوێستانە سەرۆکی چەندین وڵات و هەروەها چەندین ڕێکخراوی جیهانی بەوردی بەدواداچوون بۆ بارودۆخی ئێران دەکەن و وێڕای دەربڕینی پشتیوانی لە خۆپیشاندەران، داوایان لە کۆماری ئیسلامی کردووە کە کۆتایی بە وەزعی داسەپاو بهێنێ.

## پەیڤ

### سیکلی کۆتایی

**کەریم پەرویزی**

ڕەنگە ئەم لێکدانەوەیەم هەڵە بێ، ڕەنگە تا ڕادەیەکیش وەڕاست گەڕێ، بەڵام پێم وایە ویلایەتی فەقیهی لە کوردستاندا بەچۆکدا دێ و کوردستان دەبێ بە سەنگەری ڕووخانی ئەم ڕێژیمە دڕندەیە. لە دەستەواژە سیاسییەکاندا چەمکێك هەیە بە ناوی «تۆرمیدۆر» کە گەر خراپی لێ تێنەگەیشتبم بە واتای دەوردانەوە و خوولانەوەی بازنەیی دێ. بەو مانا کە کردار و ئیدارەکردنی حکوومەتەکان وەکوو خوولانەوە لە بازنەیەکدایە کە قۆناخ بە قۆناخ تێی دەپەڕێنن و سیکلێکی هاوشێوە لە هەموو دەسەڵاتەکان دوای ڕووخانی سیستمێك و هاتنە ئارای سیستمی دیکە دەبیندرێ.

ئەوەی لە سیکلە یەك لە دوای یەکەکانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهیدا دەبنیدرێ، سەرەتا خومەینی لە پاریس بێنرایەوە و کرایە ڕێبەری شۆڕشی گەلانی ئێران و ئەو شۆڕشە لە خەڵك دزرا. لە سیکلی یەکەمی بازنەی دەورانەکانی دەسەڵاتداریی ویلایەتی فەقیهی لە ئێراندا هێرش کرایە سەر کوردستان و دوایە هەموو هێزە ناهاوتەریبەکان لە دەوروبەری دەسەڵات وەدەر نران و تێکنۆکراتەکانیش وردە وردە پەراوێز خران.

لە سیکلی دووهەمدا شەڕیان لەگەڵ جیهان هەڵگیرساند و ئابووریی ئێرانیان وێران کرد و دەسەڵاتی نێوخۆییان یەکدەست کرد. لە سەردەمی خومەینی و مووسەوی و سەرۆك مەجلیسیی ڕەفسەنجانیدا.

سیکلی سێهەم دوای تەواوبوونی شەڕ، باسی ئێعتداڵیان هێنایە ئاراوە و لە سیکلی چوارەم و لووتکەی دەسەڵاتدا باسی چاکسازی و دیالۆگی شارستانیەتەکان بوو و سیکلی پێنجەم پاشەکشە لە کرانەوەی نێوخۆیی و سیکلی شەشەم گەڕانەوە بۆ گوتاری بەناو ئێعتێداڵ و سیکلی حەوتەم دووبارە تێکهەڵچوون لەگەڵ هەموو جیهان و وێرانکردنی ئابووری و ئێستاش دووبارە پەراوێزخستنەوەی هەموو ئەوانەی کە ساڵانە لە باری ئیدیۆلۆژیی ئێرانی فەرهەنگی یارمەتییان دان تاکوو خوێنی خەڵك بمژن و دووبارە خۆپیشاندان و ناڕەزایی هەموو چین و توێژەکان دەستی پێ کردۆتەوە.

لەم دەوردانەوە و خوولانەوە لە نێو بازنەی دەسەڵاتداریی ویلایەتی فەقیهیدا، ئەم ڕێژیمە گەڕاوەتەوە سەر خاڵی دەسپێك و سیکلی یەکەم کە دەبێتە سیکلی کۆتایی و خولی ئەنجام!

دوای هاتنەوەی خومەینی، لە سەرکوتی کوردستان و نەتەوە ستەملکراوەکانی وەکوو

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# مستەفا هیجری: درێژە بە خۆپیشاندانەکان بدەن



لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوای لە خەڵک کرد کە بە هەموو چین و توێژەکانەوە درێژە بە خۆپیشاندانەکان بدەن.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

پەیامی «مستەفا هیجری»، لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەنیسبەت خۆپیشاندانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات؛

هاونیشتمانانی تێکۆشەر لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

دەنگی بەرزی بێزاریتان لە ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی کە هاوارێکی حەقخوازانەیە، تێکەڵ بە دەنگی خەڵکی تووڕەی ئێران، بوو بە سەردێڕی هەواڵەکانی هەموو دنیا.

هەر چەند گوێچکەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، لە ئاست داخوازەکانی ئێوە کەڕ بووە و لە قسەکانیاندا دەردەکەوێت کە هەتا ئێستاش دەنگی ئێوەیان نەبیستووە، بەو حاڵەشەوە بە یەکڕیزی و یەکدەنگییەوە، ژن و پیاو، بە هەموو چین و توێژێکەوە شان بە شانی یەکتر لە مانگرتن و ڕێپێوانەکانتان بەردەوام بن و داخوازییەکانی خۆتان هاوار بکەن.

تکایە لەو بەرخۆدانەدا، لە توندوتیژی خۆبپارێزن و بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە درێژە بە خەباتەکەتان بدەن، بۆ ئەوەی ڕێژیم بەهانەی بۆ سەرکوت و زەبروزەنگی زیاتر دەست نەکەوێت.

هەموو خەڵکی دنیا پشتیوانتانە، دەنگمان لەگەڵ دەنگتانە و دڵمان لە لاتانە.

سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدانی ئەم بەرخۆدانەی شار دەکەم و ساڕێژبوونەوەی برینی بریندارەکان بە ئاوات دەخوازم.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرساوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی**

# هاوپەیمانی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

هاوپەیمانی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و تێیدا وێڕای پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی عێراق دژ بە بێکاری و هەژاری، دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێرانی لەم وڵاتەدا محکووم کرد.

هاوپەیمانی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا لەم ڕاگەیەندراوەدا، پشتیوانیی لە خەباتی خەڵکی عێراق، دژ بە هەژاری، بێکاری و گەندەڵی و هەروەها دژ بە دەستێوەردانە نیزامی و سیاسییەکانی ڕێژیمی ئێران کردووە.

لەم ڕاگەیەندراوەدا وێڕای داواکاری بۆ هەرچی زووتر چوونەدەرەوەی ڕێژیمی ئێران لە خاکی عێراق، باس لەوە کراوە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنییەوە بە مەبەستی سەپاندن و بە بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی ڕەش و دژەمرۆیی خۆی، سیاسەتی دروستکردنی قەیرانی لەبەرگرتووە.

هەروەها وتنەوەی دروشمگەلێکی وەک: «هەناردەکردنی ئینقلابی ئیسلامی»، «ڕزگارکردنی قودس لە ڕێگەی کەربەلاوە دەبێت» و «لەنێوبردنی ئیسرائیل» و... بە نیشانەی بەرچاوی ئامانجە شەڕخوازانەکانی ڕێژیمی ئێران زانراوە کە لە ماوەی ٨ ساڵ شەڕ لەگەڵ «سەدام»دا خەساری ماڵی و گیانیی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا.

هاوپەیمانی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا ئاماژەی بە ئاسەوارەکانی دروستکردنی قەیران لە لایەن ڕێژیمەوە کردووە کە بریتین لە: «بەفیڕۆدانی داهاتە نەوتییە میلیاردییەکان و پشتیوانی لە ڕێکخراوە توندئاژۆکان، دەستێوەردانی ئاشکرای سیاسی و نیزامی، قاچاخی ماددەی هۆشبەر، سازماندان و یارمەتیدانی گرووپگەلی تێرۆریستی و...».

هاوپەیمانی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا لە کۆتاییدا باسی لەوە کردووە کە بڕوای وایە، ڕێژیمی ئێران ڕێژیمێکی ستەمکارە و بە دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ، زیندانی کردن، ئەشکەنجە و لەسێدارەدان، ئازادیی لە خەڵک ئەستاندووە، بۆیە دەبێ کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی بهێندرێت.

# کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ: ناڕەزایەتییەکان تا گۆڕینی ڕێژیم درێژە بدەن



کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە بەیانییەیەکدا خوازیاری بەردەوامبوون و پەرەپێدانی ناڕەزایەتی دەربڕینەکانە و پشتیوانیی خۆی لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک ڕاگەیاند.

بەیانییەی کۆنگرەی ئێرانی فیدرال بەم چەشنەیە:

بەیانییەی پشتیوانیی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە خۆپیشاندانەکان

بەرزبوونەوەی لە ناکاوی نرخی بێنزین، خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە سەختی و باری گوزەرانی ژیانی، هێنایە سەر شەقام. بەپێی ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکرێت خۆپیشاندانەکان کە لە ٣٩ شاری جیاوازدا هاتوونەتە ئاراوە، تا ئێستا ٦ کوژراو و ژمارەیەکی زۆریش بریندارییان لێکەوتووتەوە. شارەکانی تاران، تەورێز، شەهریار، کەرەج، ئیسفەهان، شیراز، مەشهەد، ئەراک، سنە، ئیلام، ڕەشت، بێهبەهان، یەزد، گورگان، ورمێ، کرمان، بابۆل، یاسوج، بووشێهر، چابەهار، کرماشان، خورەم ئاباد، هەمەدان، ئەهواز، ئابادان و خۆڕەم شار لەو شارانە بوون کە خۆپیشاندانێکی بەربڵاوی جەماوەریی تێدا بەڕێوە چووە. باس لەوە دەکرێت بەرەبەرە ژمارەی شارەکانی ناڕازی بە گرانی بوونی نرخی بێنزین زیاد بووە.

٤٠ ساڵ دەسەڵاتداریی سانسۆر، سەرکوت و دڕندەیی کۆماری ئیسلامی هەر چەند جارێک خۆی لە بەرامبەر ڕق و کینەی کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو دەبینێت کە هیچ شتێکیان بۆ لەدەستدان نییە. هەڵکشانی ٣ بەرابەریی نرخی بێنزین، بارودۆخی بۆ ژیانێکی گونجاو لە ئێراندا ئەستەم کردووە. کرێکاران، مووچەخۆران و توێژەکانی کۆمەڵگا ئیمکان و توانایی تەحەموڵی گوشاری ئابووریی ئێستایان نییە.

هەناردەکردنی ئیسلامگەرایی و تێرۆریزم، دەستێوەردان لە وڵاتانی دەرەوە، لەوانە سووریە، لوبنان، یەمەن، عێراق و ... و سەرمایەگوزاری نیزامی و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی لەم وڵاتانەدا لە دۆخێکدایە کە ٨٠ لەسەدی خەڵکی ئێران بە پێی بەراوردەکانی کارناسان لە ژێر هێڵی هەژاریدا ژیان بەسەر دەبەن.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ سەرەڕای پشتیوانیی لە خۆپیشاندانەکانی بەربڵاوی خەڵک لە هەموو شارەکان دژی کۆماری ئیسلامی، هەتا گۆڕینی ئەم ڕێژیمە خوازیاری پەرەپێدان و بەردەوامیی ئەم خۆپیشاندانانەیە. خەڵکی بەغیرەتی عێراق نمونەیەکی بەرچاو لە خۆڕاگری و خەبات دژی گەندەڵی و ناکارەمەیی دەوڵەتە. دەرس وەرگرتن لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی عێراق ئیمکانی ئەوە بۆ خەڵکی ئێران دابین دەکات کە پەرەپێدان و بەردەوامبوون هەتا ڕووخانی ئیستبدادی دینی درێژە پێبدەن. هەتا ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لەم وڵاتەدا دەسەڵاتی هەیە، سفرەی خەڵک هەر بەتاڵ دەبێت و ژیانی ڕۆژانەیان پڕ لە چەرمەسەری دەبێت.

**بەرەو پەرەپێدان و بەردەوامبوونی خۆپیشاندانەکان دژی کۆماری ئیسلامی ئێران**
**کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ**
**١٤ی نوامبری ٢٠١٩ زایینی**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سەبارەت بە ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵک لەپێوەندی لەگەڵ زیادکردنی نرخی بێنزین

هاونیشتمانانی بەڕێز،

کۆمەڵانی خەڵکی ستەملێکراوی ئێران کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە ژێر باری ئابوری داتەپیوی خۆیدا پەلەقاژە دەکا و هیچ ڕێگا چارەیەکی بێجگەلە فشار هێنانی زیاتر بۆ خەڵک بۆ دەرباز بوون لەو وەزعە پێ شک نایە. لەو پێوەندییەدا و لە چوارچێوەی فشار هێنانی زیاتر بۆ خەڵک لە نەکاو و بێ هیچ پاساو هێنانەوەیەکی پێش وەخت ڕایگەیاند کە لە ڕۆژی هەینی ٢٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاویدا نرخی بێنزین هەم سەهمییە بەندی دەکرێ و هەم٥٠ لە سەدی نرخی بێنزینی سەهمییەیی یانی لە ١٠٠٠ تمەن بۆ ١٥٠٠ تمەن زیاد دەکا و نرخی بێنزینی ئازادیش تا ٣ هێندە یانی لە ١٠٠٠ تمەنەوە بۆ ٣٠٠٠ تمەن زیاد دەکا. ئەو بڕیارە لەنەکاوە لە کاتێکدا ڕاگەیاندرا کە چەند ڕۆژ پێشتر دام و دەزگا پێوەندی دارەکانی ڕێژیم سەهمییە بەندی و زیاد کردنی نرخی بێنزینیان بە دەنگۆ و دور لە ڕاستی ڕاگەیاندبوو و بە تەواوی ڕەدیان دەکردەوە.

ئەو بڕیارەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕادەیەک نادروست و نا تەبا لەگەڵ ژیان و گوزەرانی خەڵک بوو کە دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم هەستیان بە دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتی خەڵک کردبوو و هەر بۆیەش لە ئێوارەی ڕۆژی جومعەدا ڕایانگەیاند کە بڕیارەکە بێ هیچ کێشەیەک جێ بەجێ کراوە. ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارە لەنەکاوە زیاتر بۆ غافڵگیرکردنی خەڵک و دانانیان لە بەرامبەر کردەوەیەکی جێبەجێکراودا بوو. بەڵام بەو حاڵەش دەنگی ناڕەزایەتی خەڵک بەرز بۆوە و لە زۆربەی هەرە زۆری شارەکان خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین هاتە ئاراوە و پێش بینی دەکرێ بۆ هەموو شارەکانی دیکەی ئێران تەشەنە بکات. هێزەکانی ڕێژیم کە لە زۆربەی شوێنی شارەکان بڵاویان پێکرابوو کەوتنە تەقەکردن لەخەڵک و تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی شارەکانی ئێران و کوردستان گیانیان لێئەستێندراوە و بە دەیانی دیکە بریندار کراون کە ئەو ڕەوتە لە سەرکوتکردن هەروا درێژەی هەیە.

ڕوحانی سەرۆک کۆماری ئێران وەک هەمیشە بۆ فریودانی خەڵک و پێشگرتن بە حەرەکەتە ئێعترازییەکان ڕایگەیاند کە داهاتی زیاد کردنی نرخی بێنزین بە سەر ٧٥ لە سەدی خەڵکی کەم داهاتی ئێراندا دابەش دەکرێ و ئەو بڕیارە پێوەندی بە قەرەبوو کردنەوەی کورت هێنانی بودجەی دەوڵەتەوە نییە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بەڕێوەبەرانی ڕێژیم پێشتر ڕایانگەیاند بوو کە بۆ قەرەبوو کردنەوەی کورت هێنانی بودجە لە جیاتی پشت بەستن بە داهات فرۆشی نەوت پشت بە داهاتی نێوخۆی دەبەستن و ئەوەش لە کردەوەدا بە مانای فشار هێنانی زیاتر بۆ خەڵکە کە زیادکردنی نرخی بێنزین یەکێک لەو سیاسەتانەیە.

زیادکردنی نرخی بێنزین تەنیا فشارێکی تەک لایەن و تەک کاڵایی بۆ سەر ژیان و گوزەرانی خەڵک نییە بەڵکوو هەڵگری کۆمەڵێک لایەنی دیکەیە کە شوێندانەری خراپیان لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک دەبێ و زیاد کردنی نرخی کۆمەڵێک پێداویستی خەڵک لەوەش زیاتر بە دوایخۆیدادێنێ. وەک نرخی کەرەسەکانی هاتووچۆ، و ئەو کاڵایانەی کە بەرهەم هێنانیان لە ڕێگای بەکارهێنانی بنزینەوە دێتە ئاراوە. خەڵکی وەزاڵە هاتوو و ئازار چێشتووی دەستی بێکاری و کەم داهاتی، زۆر باش لە ئاکامی ئەو بڕیارە ناڕەوایەی ڕێژیم ئاگادارن و ناڕەزایەتی دەربڕینیان هەڵوێستێکی بەجێیە چوونکە دەزانن بێدەنگی لە بەرامبەر ئەو فشارە تازەیەی، ڕێژیم لە درێژەدان و چەند لایەنە کردنی بردنە سەری نرخی شتوومەک جدی تر و پێ دا گرتووتر دەکا. وەڕێخستنی کردەوەی ئیعتڕازی و هەڵبڕینی دەنگی ناڕەزایەتی تێکڕایی تەنیا ڕێگای پێش گرتن بە ڕێژیم لە هێنانی فشاری زیاتر بۆ سەر خەڵکە.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستییە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی سیاسەتی ڕێژیم لە فشار هێنانی زیاتر بۆ سەر خەڵک، پشتیوانی و پشتگری خۆی لەو حەرەکەتە ناڕەزایەتیانەی خەڵک لە هەر شێوەیەکی مومکین دا دەردەبڕێ و هیواداره ئەم حەرەکەتانە سەرەتایەک بێ بۆ سەرکەوتنی ئیرادەی خەڵک بە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا. هەر لەو کاتەدا هاودەردی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی قوربانییەکانی ئەو حەرەکەتانە دەردەبڕێ و چاکبوونەوەی بریندارەکان بەئاوات دەخوازێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی**
**١٧ی نوامبری ٢٠١٩ی زایینی**

# پشتیوانیی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران

خەڵکی عەداڵەتخواز و ئازادیخوازی ئێران کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستان

پاش ڕاگەیاندنی بەرزبوونەوەی ٣٠٠٪ لەسەدیی نرخی بێنزین لەلایەن دەوڵەتی کۆماری ئیسلامییەوە، خەڵکی شار و ناوچە جیاجیاکانی ئێران و کوردستان لە ناڕەزایەتی بەم بڕیارە بە ڕاگرتنی ئۆتۆمبیلەکانیان، داخستنی شەقام و جادەکان، بێزاری و بێ دەرەتانیی خۆیان ڕاگەیاند و هێزە ئەمنییەتییەکان دەستیان نەپاراستووە و شەهید و برینداری لێکەوتەوە.

گرانکردنی نرخی بێنزین کە دەبێتە هۆی گرانبوونی زیاتری هەموو پێداویستییەکانی ژیانی خەڵک لەلایەن دەوڵەتەوە لە کاتێکدایە کە خەڵکی ئێران و بەتایبەتی لە ماوەی یەک دوو ساڵی ڕابردوودا لە خراپترین دۆخی ژیان، بە ئابوورییەکی هەژارانەوە دەژین.

هەمووان دەزانن کە ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە سامانە سروشتی، بەڵام ئەوە سیاسەتە هەڵە و چەوتەکانی کۆماری ئیسلامییە کە لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتداریی خۆیدا، ئەم دۆخەی بۆ خەڵکی ئێران بە دیاری هێناوە.

کۆماری ئیسلامی بە پرۆژە ناپێویست و زیانبارەکانی، بە دزین و تاڵانکارییەکانی سەروەت و سامانی خەڵک و بە تەرخانکردنی دارایی خەڵکی ئێران بۆ پشتیوانیکردن لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و دەستێوەردانە ئاژاوەگێڕییەکانی لە وڵاتانی ناوچەکە و جیهان، هۆکاری بەفیڕۆدانی سامانی ئێران و ئەو هەژارییە لەڕادەبەدەرەی خەڵکی ئێرانە.

بەپێی ڕاگەیەندراوی جەماوەری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڕیارە ئەمڕۆ شەممە، ٢٥ی خەزەڵوەر خەڵک لە مەیدان و شەقامە سەرەکییەکانی شارەکانی خۆیان دژی ئەم بڕیارەی دەوڵەت بووەستنەوە.

هەتا نووسینی ئەم ڕاگەیاندنە (ئەگەرچی هێڵی ئێنتێرنێت لە ئێران بچڕاوە یان زۆر خاوە) خەڵک بە ڕاگرتنی ئۆتۆمبیلەکانیان لەسەر شەقام و جادەکان لە ناڕەزایەتی دەربڕیندان.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕینانەی خەڵکی ئێران بەم بڕیارە و بە دۆخی ژیانیان بە ڕەوا و بەحەق دەزانێت و پشتیوانیی لێ دەکات و داواکارە هەتا بە چۆک داهێنانی ڕێژیم و باندە مافیاییەکانی درێژە بە هەڵوێستی شیاو و بوێرانەیان بدەن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی**
**١٦ی نوامبری ٢٠١٩ی زایینی**

# پەیامی پیرۆزبایی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پەیغەمبەری ئیسلامەوە



بە بۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی محەممەد، پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، پیرۆزبایی لە هەموو موسوڵمانان، بەتایبەت خەڵکی کوردی موسوڵمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم، هیوادارین ئەو ڕۆژە ببێتە هۆی دڵخۆشی، ئارامی و ئاشتی لەنێو هەموو گەلانی ئێراندا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**

# پەیامی پیرۆزبایی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی «جێژنی خاوەنکار»ەوە

جێژنی خاوەنکار لە پێڕەوانی ئایینی یاری پیرۆز بێت.

بە بۆنەی جێژنی خاوەنکار، جێژنی ئایینی یاری، پیرۆزبایی لە هەموو پێڕەوانی ئەو ئایینە بەتایبەت هاونیشتمانییە خۆشەویستە یارسانییەکانمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕێبەرە ئایینییەکانیان دەکەم.

بەداخەوە لە کوردستانی ئێران بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی ئایینی یاری وەک ڕێوڕەسمەکانی هەندێک لە پێڕەوانی ئایینەکانی دیکە لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی قەدەغەکراوە و بەڕێوەبەران و بەشدارانی بۆنەکانی پێڕەوانی ئەو ئایینانە دەکەونە ژێر زەبر و زەنگ و بێحورمەتی بە باوەڕ و کولتووریان دەکرێت، کە ئەوە بۆ خۆی پێشێلکردنی ئاشکرای مافی مرۆڤە.

هیوادارین ئەم ڕێژیمە لەژێر گوشاری زۆری نێوخۆ و دەرەکی کە بۆ خۆی پێکهێنەریانە و خەباتی هەموو ئازادیخوازانی ئێرانە، بڕووخێت و حکوومەتێکی دێموکراتیک جێگای بگرێتەوە کە ڕێز بۆ بیروباوەڕی ئایینی هەموو کەس دابنێت و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانیان یاسایی بکرێت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی**

# حیزبی دێموکرات: ڕێژیمی ئێران سەرچاوەی کێشە و گرفتەکانی ناوچەکەیە

کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران سەرچاوەی کێشە و گرفتەکانی ناوچەکەیە، جەخت کرایەوە.

ڕۆژی چوارشەممە، ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی، کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات، بە چەند ساتێک بێدەنگی بۆ یادی شەهیدانی کوردستان و بەتایبەت شەهیدانی ئەم دواییانە، دەستی پێکرد.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، وێڕای خستنەبەرباسی دەستووری کاریی کۆبوونەوەکە، ڕاپۆرتی سیاسیی ئامادەکراو لە لایەن ناوەندی سیاسی و ڕا و سەرنجی خۆی بۆ باشتر و بەهێزترکردنی ڕاپۆرتەکەی خستە بەرباس.

ڕاپۆرتی سیاسیی ئاماژەپێکراو کە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەی ئەمجارەی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی بوو، لێکدانەوە و شیکردنەوەی دۆخی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت دۆخی ئێران و عێراق و لوبنان بوو.

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت و هاوسەنگیی هێز کە دوای ڕووخانی بلۆکی سۆڤیەت و بەتایبەت دوای هێرشی عێراق بۆ سەر کوەیت لە دوو دەیەی ڕابردوودا هاتبووە ئاراوە، ئێستا خەریکە لە ناوچە دەگۆڕێت و کاریگەریی خراپ و باشی لەسەر دۆخی کورد داناوە و زیاتریش دەبێت.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا باسی دۆخی ئێستای ئێران و هەنگاوە پێشێلکارییەکان و دۆخی نالەباری ئابووری خرایە بەرباس.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باسی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە عێراق و لوبنان کرا کە لە شێوازی حکوومەتداریی نزیک لە ئێران و دەستێوەردانەکانی سپای پاسداران و گەندەڵییەکان وەزاڵە هاتوون و نارەزایی خۆیان دەردەبڕن.

ڕاپۆرتی سیاسیی کۆبوونەوەکە پێی وایە کە ئەم گەندەڵی و ئاڵۆزی و دۆخە نالەبارەی ژیانی خەڵک لە عێراق و لوبناندا، بەهۆی دەستێوەردان و سیاسەتە شەڕەنگێزی و ئاژاوەگێڕییەکانی ڕێژیمی تارانەوە هاتوونەتە ئاراوە و هەر بۆیە خەڵک هاواری دەرکردنی ئێران لە وڵاتەکەیان دەکەن.

لێکدانەوەی سیاسیی کۆبوونەوەکە لەسەر پشتیوانیی حیزبی دێموکرات لە داخوازیی ڕەوای خەڵکی وەزاڵەهاتووی باشووری عێراق و هەروەها پشتیوانی لە مافە ڕەوا و نەتەوەییەکانی کورد لە کوردستانی عێراق و مافە بنچینەییەکانی هەرێمی کوردستان پێداگر بوو و پێشوازیی لە هاودەنگی و یەک هەڵوێستیی لایەنە سیاسییەکانی کورد لەو بەشە لە کوردستان کرد.

کۆبوونەوەکە وێڕای هەڵسەنگاندنی هۆکارەکان و خستنە بەرباسی ئەگەرەکانی لێکەوتەی سیاسیی دۆخەکە و کاریگەرییان لەسەر کورد لە هەموو بەشەکاندا، بڕیار و ڕاسپاردەی پێویستی بە ڕێبەریی حیزب دا کە لە بەرامبەر ئەگەرە جیاوازەکاندا هەڵوێست و ئامادەکاریی پێویستی هەبێت.

بەشدارانی کۆبوونەوەکە دوای پێشکەشکرانی ڕاپۆرتەکە و شیکردنەوەکانی «مستەفا هیجری»، هەر کامەیان ڕا و تێبینیی خۆیان هێنایە ئاراوە و ڕاپۆرتەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

کۆبوونەوەکە ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆتایی پێهات.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**نووسینگەی کارگێڕی**
**١٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی**
**٧ی نۆڤامبری ٢٠١٩ی زایینی**

# ناوەندی هاوکاری
## چەند داواکارییەکی ڕوو لە خەڵک و کۆمەڵگەی جیهانی بڵاو کردەوە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە چەند خاڵدا ڕوو لە خەڵک و کۆمەڵگەی جیهانی، داوای کردووە کە پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران بکەن.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

ئەمڕۆ ٢٧ی مانگی خەزەڵوەر لە بارەگای کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی بەرپرسانی یەکەمی هێزەکانی ناوەند سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای ئێران و کوردستان بەڕێوەچوو. لەو دانیشتنەدا بۆ جارێکی دیکە پشتیوانی لە نارەزایەتی و ئیعتیرازی ڕەوای خەڵک و یەکدەنگبوونیان کرایەوە، سیاسەتی سەرکوتی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی مەحکوم کرا و بەتایبەتی سەرکوت و کوشتاری بەرین لە کوردستان ئاماژەی پێدرا. ناوەندی هاوکاری، هاتنە مەیدان و خۆڕاگری و بوێریی خەڵکی بەرز نرخاند و جەختی کردەوە کە خۆپیشاندانی مەدەنی مافی جەماوەرە و ڕاکێشانی بەرەو توندوتیژی ڕێک لە ئەستۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییە.

هەموو لایەک لە ئێستادا لەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوە هاودەنگ بوون:

١. ناوەند ڕوو دەکاتە هەموو ڕێکخراو و ناوەندە نێونەتەوەییەکان بۆ گوشار خستنە سەر کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی لە نارەزایەتی و داوا ڕەواکانی خەڵکی ئێران و کوردستان، بەتایبەتی کۆتاییهێنان بە سیاسەتی کوشتار و میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان. هەروەها تەئکید کراوە کە ناوەند لەو هەلومەرجەدا هاوکاری و هاوئاهەنگیی زیاتر لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و بزووتنەوە ئیعتیرازییەکانی ئێران بە پێویست دەزانێت و چاوەڕوانی پشتیوانی و هاوئاهەنگییە لەگەڵیان.

٢- داوا لە هەموو کوردانی هەندەران دەکەین کە بە خۆپیشاندان و گردبوونەوەی جەماوەری، پشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. بەتایبەتی ڕوو دەکەینە تێکۆشەران و خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی لە تاراوگە کە بەو پەڕی تواناییان وەگەڕ بکەون. داوا لە هێز و چالاکوانانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دەکەین کە لەو هەلومەرجەدا پشتیوانی دۆزی ڕەوا و خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات بن. هەروەها داوا لە ڕێکخراو و ئەندامانی چوار حیزبەکەی ناوەند دەکەین کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر و باقیی لایەنە سیاسییەکانی دیکە، ڕۆژی شەممە، ٢٣ی مانگی نوامبر، ڕێپێوان و ئیعتیرازی سەراسەری لە دەرەوەی وڵات ساز بدەن.

٣- داوا لە چالاکوانانی ناوەوەی کوردستان دەکەین کە چۆن بۆیان بگونجێت بە وشیاری نارەزایەتییەکانیان درێژە پێبدەن و تێبکۆشن کە پیلانەکانی ڕێژیم پووچەڵ بکەنەوە. ئێمەش هەوڵ دەدەین کە بە هاوفیکری لەگەڵ چالاکوانانی ناوەوە لە شێوازی دیکەی ئیعتیرازی گشتیش لە داهاتوودا کەڵک وەربگرین.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی**
**١٨ی نوامبری ٢٠١٩ی زایینی**

# دەزگای ڕاگەیاندنی گشتی:
## پرێستیژی حیزبی دێموکرات زۆر بەرزتر لە ئاستی پرێستیژی ڕێژیمی ئێرانە

دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕوونکردنەوەیەکدا، بڵاوی کردووەتەوە کە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی عێراق ئاکامی سیاسەتی ئاژاوەگێڕیی ڕێژیمی ئێران لەو وڵاتەدایە و خەڵکی ناوچەکە لە سیاسەتی ڕێژیمی ئێران بێزارن.

دەقی ڕوونکردنەوەکە بەم چەشنەیە:

ڕوونکردنەوەیەک لەسەر چەواشەکارییەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە حیزبی دێموکرات؛

لە درێژەی چەواشەکارییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژ بە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات، ڕۆژی چوارشەممە، ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی، ماڵپەڕی «بوولتەن نیووز» سەر بە سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیم بە بڵاوکردنەوەی بەناو ڕاپۆرتێکی تایبەت، هەوڵی داوە بۆ شاردنەوەی دوایین دەرکەوتەکانی دۆڕاوی و بێ ئابڕوویی سیاسیی خۆی لە ناوچەکەدا، بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکاتە ئامانجی تەبلیغاتێکی بێ بنەما و پرێستیژی حیزبی دێموکرات هەتا ئاستی نزمی خۆیان دابەزێنێت.

لە بەناو ڕاپۆرتەکەی ئەو ماڵپەڕەی ڕێژیمدا بانگەشەی ئەوە کراوە کە لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ڕاپەڕیوی شارەکانی عێراق و بەتایبەتی ڕووداوی هێرش بۆ سەر کۆنسولخانەی ئێران لە کەربەلا، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنێکی باشووری کوردستان ڕۆڵێکی کارایان هەیە و هەر ئەو کەسانەن کە لە سووتاندن و دڕاندن و ژێر پێخستنی ئاڵای کۆماری ئیسلامی و وێنەی ڕێبەران و کاربەدەستانی ڕێژیمدا دەستیان هەیە و دروشمی دژ بە داگیرکاری و دەستێوەردانی ئێران لە عێراقدا دەڵێنەوە و لە بەرچاوی ڕاگەیەنەکاندا وا دەنوێنن کە خەڵکی عێراقن. لێرەدا وێڕای وەدرۆخستنەوەی ئەو هەواڵە بێ بنەمایە، جەخت دەکەینەوە کە ئەو ڕادەیە لە ڕووهەڵماڵراوی و چەواشەکردنی ڕاستییەکان تەنیا لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە ڕیاکار و ئاژاوەگێڕە دەوەشێتەوە. لای کەس شاراوە نییە و خودی ڕێبەرانی ڕێژیمیش باش دەزانن کە هێرش بۆ سەر کۆنسولخانە و سووتاندن و دڕاندنی ئاڵا و وێنە و هێماکانی کۆماری ئیسلامی لە عێراق و بە تایبەتی لەنێو شارە شیعەنشینەکانی ئەو وڵاتەدا تەنیا دەرئەنجام و بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاسەتی کاولکارانەی ئەو ڕێژیمەیە.

لە ڕاستیدا ئەو ڕق و بێزارییە کە ئەمڕۆ گەلانی ناوچە لە لوبنان و سووریەوە تا شەقامەکانی کەربەلا و نەجەف و بەسرە هێناوەتە سەر شەقام، دەرهاویشتەی ڕاستەقینە و چاوەڕوانکراوی سیاسەتە کاولکارییەکانی ڕێژیمی ئێران و هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکەدایە.

هەموومان شاهیدی ئەوە بووین کە لە خۆپیشاندانی نارەزایی شارەکانی ئێران بەتایبەتی شارەکانی وەک قوم و مەشهەد لە ماوەی ڕابردووشدا خەڵکی وەزاڵەهاتوو وێنەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم و هێماکانی ئەو دەسەڵاتە دژی گەلییەیان ئاگر تێبەر دەدا و لە دروشمەکانیاندا ڕق و بێزاریی خۆیان لە دیکتاتۆری و گەندەڵی و ئاژاوەگێڕییەکانی ڕێژیم دەربڕی.

پرسیار ئەوەیە کە گەلۆ هاندەر و ڕێکخەری نارەزایەتییانەکانی خەڵکی قوم و مەشهەدیش هەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کوردەکانی هەرێمی کوردستان بوون؟

کۆماری ئیسلامی باش دەزانێت کە ئەگەرچی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات یەکەم لایەن بوون کە سیمای ڕاستەقینەی ئەو ڕێژیمەیان بۆ دەرکەوت و لە بەرامبەریدا قارەمانانە ڕاوەستان، بەڵام ڕقی قووڵ و بێزاریی بەربڵاوی ئێستای گەلانی ناوچەکە لەو ڕێژیمە ئاکامی ئەزموونی هاوبەشی گەلانی ناوچە و تاقیکردنەوەی دروشم و ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیم بە بەهای خوێنی ڕۆڵەکانیان و خاپووربوونی وڵاتەکانیانە.

لەوانەیە کۆماری ئیسلامی لە ڕابردوودا توانیبێتی بە کەڵک وەرگرتن لە هەست و سۆزی ئایینیی گەلانی ناوچە و لەژێر دەمامکی ئایین و دڵسۆزیی درۆیین بۆ گەلانی دراوسێدا پێگەیەک بۆ خۆی لە هێندێک شوێن دەستەبەر بکات، بەڵام ئێستا سەردەمی ڕاچڵەکانی خەڵکی ئەو وڵاتانە لە بەرانبەر داگیرکارییەکانی ئێراندایە و خەڵکی عێراق و هەموو ناوچەکە و جیهان لەوە تێگەیشتوون کە بوونی کۆماری ئیسلامی ناکۆکییەکی قووڵی لەگەڵ بەختەوەری و پێکەوەژیانی هێمنانە و ئازادیی ئەوان هەیە.

هەر بۆیە ڕێژیم دەبێ ڕووخانی پێگەکانی خۆی لەنێو خەڵکی ناوچەدا وەکوو ڕاستییەک قبووڵ بکات و بە سیاسەت و بەرنامە هەڵەکانی خۆی لە دەرەوە و نێوخۆی ئێراندا بچێتەوە، نەک ئەوەی کە بە هێنانەوەی پاساو و بیانووی سەیر و سەمەرەی وەک هەمیشە خۆڵ لە چاوی خەڵک بکات.

بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات هەمیشە و لە هەموو سەردەمێکدا لە هەموو شێوازەکانی خەباتی ڕەوا و سەردەمیانە بۆ بەرگری لە ماف و کەرامەتی خۆی کەڵکی وەرگرتووە، نە ئەو بزووتنەوەیە پێویستی بەوەیە کە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی عێراق بکاتە هەلێک بۆ خۆدەرخستن و نە خەڵکی عێراقیش پێویستیان بەوەیە کە خەڵکی دیکە ئاراستەی خۆپیشاندانیان بۆ دیاری بکەن. لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە وێڕای جەختکردنەوە لەسەر پرەنسیپە سیاسییەکانی حیزبەکەمان، ئەو جۆرە دەنگۆیانەی ڕێژیم ڕەت دەکەینەوە و ڕایدەگەیەنین کە حیزبی ئێمە هیچ پێوەندییەکی بە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانەی شارەکانی عێراقەوە نییە و ئەوەی کە هەیە، تەنیا لافاوی ڕقی گەلانی ناوچەکەیە کە لە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەزاڵە هاتوون و ئامانجیان کۆتاییهێنان بەو بارودۆخە نالەبارەیە کە بەهۆی ئاژاوەگێڕییەکانی ڕێژیمی ئێران باڵی بە سەر وڵاتەکەیاندا کێشاوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕاگەیاندنی گشتی**
**١٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی**

## درێژەی پەیف

تورکمەنەکانەوە دەستی پێ کرد و لەم قۆناخەشدا لە سەرەولێژیدا دووبارە دەستی داوەتەوە سەرکوتی دڕندانەی کوردستان و نەتەوە ستەمێکراوەکان، بەو جیاوازییەوە کە ئەم جارە لە هەڵکشانی کوردستان و داکشان و ڕووخانی ڕێژیمدا دووبارە پێك گەیشتووینەتەوە.

ئەمجارە کۆماری ئیسلامی هیچ پێوەر و کۆڵەکەیەکی نەماوە بۆ مانەوە و وەکوو کەسێك لەو گۆماوەدا بخنکێ دەست بۆ هەموو پووشێك دەبا، لە ترسی مەرگیشیدا مەرگ بۆ خەڵك بەدیاری دێنێ. ئەو هەموو خوێنەی بە سەر شەقامەکانی شارەکانی کوردستان و ئێراندا دەیڕێژێ، لە ڕووی هێز و دەسەڵاتدارییەوە نییە، بەپێچەوانەوە، وەکوو کەسێکی ترسنۆك کە لە دۆڵێکی تاریکدا گیر دەخوا و هەموو داروبەردی لێ دەبن بە سەربازی دوژمن، خامنەییش ئێستا هاوار دەکا کە هەموو ئەو خەڵکە سەربازانی دوژمن بوون و لە ترسی مەرگدا دەستی داوەتە خۆکوژی.

بەداخەوە کە خەبات لە ئێراندا خوێنی دەوێ و قوربانیی زۆر دراوە، بەڵام لەم دوایین خولی بازنیە خەبات دژی ستەمکاریدا، کوردستانە کە ناوی لە جیهاندا دەنگ دەداتەوە و ڕەنگە هەر بەدەستی کوردێکیش سەری خامنەیی بە پەتی مەرگەوە بکرێ.

# ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات: «بێدەنگی بشکێنین»

کەمپەینی «بێدەنگی بشکێنین» بۆ پێشگرتن لە پەرەسەندنی هەرچی زیاتری توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێران و بەتایبەت کوردستان، لەلایەن ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتەوە ڕێکخرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی خەزەڵوەر، ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات کەمپەینێکی لە ژێر ناوی «بێدەنگی بشکێنین»، بۆ بەرپەرچدانەوەی هەموو زوڵم و ئازار و دەنگی کپکراوی ژنان، ڕێک خست.

دەقی ڕاگەیەندراوی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات لە بارەی کەمپەینی «بێدەنگی بشکێنین»، بەم چەشنەیە:

ڕاگەیاندنی کەمپەینی «بێدەنگی بشکێنین» لەلایەن ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتەوە

لە کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا و بە لەبەرچاوگرتنی یاسا دژەژنەکانی ئەو چوارچێوە سیاسییە، بارودۆخی ژنان لە ئاستی تاک و کۆمەڵگادا نەتەنیا بەرەو باشتربوون ناچێت، بەڵکوو هەتا دێت پەت پساوانەتر ڕووی لە وێرانی و خراپی دەبێت و بەبێ ئەوەی خۆمان لێی وشیار بین، بەرەو بە کولتوورکردنی ئەو جۆرە لە ڕوانین بە ژنانمان دەبات.

ئێمە چالاکانی مافی ژنان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین بۆ پێشگرتن بە پەرەسەندنی هەرچی زیاتری توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێران و بەتایبەت کوردستان، بێدەنگ نەبین و بەرانبەر ئەم شێوە سیستماتیکە لە ئاپارتاید هەڵوێست بنوێنین. بە بڕوای ئێمە یەکێک لە گرنگترین و کاریگەرترین ڕێگەکانی نەهێشتنی توندوتیژی، شکانی بێدەنگییە و دەنگهەڵبڕین باشترین چارەسەرە؛ بە واتایەکی دیکە بە هەمان ڕادەی کە دەبێ هەوڵمان بۆ شکانی بێدەنگی چڕتر بکەین، دەتوانین بە هەمان ڕێژەش توندوتیژی کەمڕەنگ بکەین.

هەر بۆیە بە ڕاگەیاندنی کەمپەینی «بێدەنگی بشکێنین»، هەڵمەتێک دەخەینە گەڕ بۆ بەرپەرچدانەوەی هەموو زوڵم و زۆر و ئەشکەنجە و ئازارێک و هەروەها دەنگی کپکراوی ژنان دەبین.

**ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات**
**١٣٩٨/٨/٢٣ی هەتاوی**
**٢٠١٩/١١/١٤ی زایینی**

**ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات لە لایەن پێنج ڕێکخراوی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێک هاتووە کە بریتین لە:**
**ڕێکخراوی ئافرەتانی خەباتی کوردستانی ئێران**
**کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات**
**یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان**
**ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد**
**یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران**

# د. چارلز دەڤیدسۆن:
# حیزبی دێموکرات حیزبێکی پێشکەوتوو و سەردەمیانەیە

لە ئامریکا و لە زانستگای بەناوبانگی «جۆرج مەیسۆن»، تێزی دوکتورای «چارلز دەڤیدسۆن» لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە پلەی نایاب قبووڵ کرا.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی خەزەڵوەر، دوکتور چارلز دەڤیدسۆن پاش دوو ساڵ کاری بەردەوام و وتووێژ، لە ئاکامدا لە زانستگای جۆرج مەیسۆن، لە دەڤەری واشنتۆنی پێتەخت، تێزی دوکتوراکەی قبووڵ کرا.

چارلز لە تێزەکەیدا باسی لە مێژووی خەباتگێڕانەی حیزبی دێموکرات کردووە و لە داکۆکیکردنەکەیدا ڕایگەیاند کاری مەیدانی لەگەڵ ئەندامانی ئەو حیزبە وای لێکردم کە باوەڕ بێنم کوردەکانی ڕۆژهەڵات هاوپەیمانی ڕۆژئاوان و بایەخ بە پرسەکانی ئازادی، بەرابەری، مافی مرۆڤ و ژینگە دەدەن.



ناوبراو بۆ نووسینی تێزی دوکتوراکەی زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە ئەندام، لایەنگر، دۆستان و شارەزایانی سیاسەت و مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە ئامریکا، ئورووپا و بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان دواندبوو.

دوکتور چارلز حیزبی دێموکراتی بە حیزبێکی پێشکەوتوو و سەردەمیانە ناو برد.

چارلز لە داکۆکییەکەیدا باسی لەوە کرد کە حیزبی دێموکرات خاوەنی ڕێکخستنی بەهێز و میکانیزمی دێموکراتیکی بەڕێوەبردنە و خەڵکی کورد لە دەرەوە و نێوخۆوە بە قووڵی باوەڕیان پێیەتی و بە سەرمایەی خۆیانی دەزانن.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، باسی کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر شوناس و ناسنامەی خەڵکی کورد کرد و کولتووری نەتەوەی کوردی بە دەوڵەمەند و پێشکەوتوو وەسف کرد. دواتر لیژنەی بەڕێوەبەریی تێزەکە پاش بیروڕا گۆڕینەوە بە تێکرای دەنگ، بڕیاریان دا کە تێزەکە قبووڵ بکەن و بەم جۆرە چارلز پاش دوو ساڵ کاری بەردەوام و سەفەری وڵاتانی دوورەدەست، پلەی دوکتورای بەدەست هێنا.

ناوبراو خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی و سپاسی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کرد و ڕایگەیاند، «وەکوو دۆست و پشتیوانی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات دەمێنێتەوە و هەرچی لەدەست بێت بۆ یارمەتیدانی خەباتی کورد و حیزبی دێموکرات، ئەنجامی دەدات.

# پارتی سوسیالیستی کوردستان- باکوور، سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد



پارتی سوسیالیستی کوردستان- باکوور، لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دۆخی بزووتنەوەی کوردیان لە کوردستانی باکوور و ڕۆژهەڵات تاوتوێ کرد.

ڕۆژی شەممە، ١٨ی خەزەڵوەر، هەیئەتێکی «پارتی سوسیالیستی کوردستان- باکوور» بە سەرپەرەستیی «مەسعوود تەک»، سەردانی نووسینگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی «مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

«مەسعوود تەک» وێڕای سپاس لە پێشوازیی حیزبی دێموکرات، باسێکی سیاسیی لەسەر خەباتی کوردستانی باکوور و سیاسەتی دەوڵەتی تورکیە بەرانبەر بە کورد لەو بەشەی کوردستان و هەروەها هێرشی تورکیە بۆ سەر کوردەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا و هەڵوێستی وڵاتانی ناوچە، ئورووپا و ئەمریکا لەوبارەوە، پێشکەش کرد.

پاشان لێپرسراوی گشتی باسێکی سیاسیی لەسەر خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئێران و دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە وڵاتانی ناوچە و پەرەپێدانی سیاسەتی ئاژاوەنانەوە لەو وڵاتانەی کە نفووزی تێدا هەیە، پێشکەش کرد. لە کۆتاییدا هەیئەتی هەر دوو لایەن لەسەر دۆستایەتیی نێوانیان جەختیان کردەوە.

# عەرەبستان باس لە تێرۆری ڤییەن و بێرلین دەکات




وەزارەتی دەرەوەی عەرەبستانی سعوودی، لە ویدیۆیەکدا بڵاوی کردووەتەوە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کردەوەی تێرۆریستیی لە جیهاندا ئەنجام داوە و پشتیوانی لە تێرۆریزم دەکات.

بەپێی ویدیویەک کە وەزارەتی دەرەوەی عەرەبستان بڵاوی کردووەتەوە، «عادل ئەلجوبەیر»، وەزیری ڕاوێژکار لە دەوڵەتی سعوودییە باس لەوە دەکات کە ڕێژیمی ئێران لە سەرتاسەری جیهاندا پشتیوانی لە تێرۆریزم دەکات.

ئەلجوبەیر دەڵێت: «ڕێژیمی ئێران تۆڕی تێرۆری لە ئورووپادا هەیە و کردەوەی تێرۆریستی ئەنجام دەدات.

هەروەها کردەوەی تێرۆریستی لە ئامریکای باشوور ئەنجام دەدات».

وەزارەتی دەرەوەی عەرەبستانی سعوودی لە ویدیۆیەدا باس لە تێرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤییەن و تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی لە بێرلین دەکات.

# ئێران، عێراق، کوردستان

شەماڵ تەرغیبی

لە ساڵانی ڕابردوودا و بە بەردەوامی، بزووتنەوەی کوردستان کە تێیدا حیزبی دێموکرات پشکی شێری بەر کەوتووە، باسیان لەوە دەکرد کە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامیدا، عێراق و کوردستانی باشوور جێگەیەکی تایبەتیان هەیە؛ تێز یان دوکتورینی «هەناردەکردنی شۆڕش»، دەستەواژەیەکە کە زۆربەی جار لەزاری سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە دەبیسترێ، دۆکتۆرینێک کە خومەینی داڕێژەری بوو و دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی ڕێژیم جێبەجێکاری!

لەم ڕاستایەشدا ئەوەیکە بینرا نەبوونی بەزەیی لەلایەن داڕێژەران و جێبەجێکارانی پڕۆژەی سازکردنی ئیمپراتوریەتی ویلایەتی فەقیهی بوو، نەتەنیا بەزەییەک نەبینرا و گیان و ماڵ و نامووسی خەڵک و لەم نێوانەشدا گەلی کورد حەڵاڵ کرا بەڵکوو زێدەخوازییەکانی ڕێژیم چەندین شەڕ و کوشتار و ماڵوێرانی مێژوویی لێکەوتەوە کە هەتا ئێستاش چ خۆیان و چ ئاسەوارەکانیان هەر دەبینرێت. ئەمەش وای کرد کە ئێمەی کورد بەتایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەو قسەیە بەردەوام دووپات بکەینەوە کە سەرەکیترین دوژمنی کورد لە هەر چوار پارچە «کۆماری ئیسلامی ئێرانە»!

ئەم تێڕوانینە هەندێ جار لەلایەن بەناو سیاسییەکانی پارچەکانی تری کوردستان و هەندێک لە فریوخواردووانی ئەم گەلە بەشەمینەتە دەخرایە بەر لۆمە و گازندە کە گوایە ئەوانە جۆرێک قسەڵۆکی بێبنەمان و ڕێژیمی تاران ئەوەندەش دڕندە نییە کە باس دەکرێ! یان تەنانەت کۆماری ئیسلامییان وەک دۆست، هاوپەیمان و تەنانەت پشتیوانی کورد دەناساند! بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان بەتایبەت لە ساڵانی ڕابردوودا ئەو ڕاستییەی بەڵگەمەندتر کرد و ڕاستی و بەرحەقبوونی ئەو ئیدیعایەی زیاتر خستە ڕوو کە کۆماری ئیسلامی «دوژمنی سەرەکی کوردە».

لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕۆژنامەی «نیۆیۆرک تایمز» و ماڵپەڕی «ئینتێرسێپت» ئاشکرایان کرد کە دەستیان بە سەدان بەڵگەنامەی نهێنی و زۆر نهێنی لەسەر ئیتلاعاتی ئێران ڕاگەیشتووە کە هێندەی دیکە دەیسەلمێنێ کۆماری ئیسلامی بە چ شێوازێک و لە چ ڕەهەندگەلێکەوە هەوڵی دزەکردن و سەقامگیرکردنی دەسەڵاتەکەی لە خاکی عێراق و کوردستانی باشوور داوە. ئەم بەڵگەنامانە لەلایەن کەسێکی نەناسراو سەر بە دامودەزگا ئیتلاعاتییەکانی عێراقەوە درکێندراوە کە ٧٠٠ لاپەڕە لەخۆ دەگرێت و پاش تەئیدکران لەلایەن نیۆیۆرک تایمز و ماڵپەڕی ئینتێرسێپتەوە بڵاو کراونەتەوە. بەوتەی نیۆیۆرک تایمز ئامانجی ئەو کەسە لە بڵاوکردنەوەی ئەم زانیارییانە ئەوە بووە کە جیهان و بیروڕای گشتی ئاگادار بن کە ئێران چۆن هەوڵی داوە عێراق داگیر بکات.

لە یەکێک لەم بەڵگەنامانەدا بە ڕێکەوتی ٢٦ی ژانویەی ٢٠١٤ دا هاتووە: نێردراوی تایبەتی ژێنراڵ «حاتەم ئەلمەکسووسی» فەرماندەی دەزگای ئیتلاعاتی وەزارەتی بەرگری عێراق، دڵنیایی داوەتە لایەنی ئێرانی و لەسەر زاری ئەم پلەدارە عێراقییە وتوویەتی: تەواوی «ئیستخباراتی» ئەرتەشی عێراق بە هی خۆتان بزانن و هەر شتێکتان پێویست بوو بە من بڵێن تا بۆتانی دابین بکەم.»

بەپێی ئەو بەڵگەنامە، ئێران داوای ئەو ئەپلیکەیشن و تێکنۆلۆژییە سیخوڕییانەی کردووە کە ئامریکا ڕادەستی ئیستخباراتی عێراقی کردووە تا بۆ لەنێوبردنی تێرۆریزم کەڵکی لێوەربگرن. هەرچەند ژێنێراڵ ئەلمەکسووسی حاشای لە وەها پێوەندییەک کردووە و جەواد زەریفیش ئامادە نەبووە وەها پێوەندییەک پشتڕاست بکاتەوە یان ڕەدی بکات بەڵام «حەسەن دانایی فەر» باڵوێزی پێشووی کۆماری ئیسلامی لە عێراق وتوویەتی: «ڕاستە، ئێمە لە عێراق سەبارەت بە هەندێ بابەتی تایبەتی لە چوارچێوەی چالاکییەکانی ئامریکا لەم وڵاتە زانیاریمان کۆ کردۆتەوە».

لە بەڵگەنامەیەکی تردا کە ئەم سەرچاوانە بڵاویان کردۆتەوە، هاتووە: «ئێران هەوڵی داوە سیخوڕەکانی پێشووی سیا بکڕێتەوە و وەک سیخوڕی خۆی لە باڵوێزخانەی ئامریکا لە عێراق کەڵکیان لێوەربگرێت کە لەسەر یەک نەفەر بەناوی نهێنی «دینی براسکۆ» سەرکەوتوو بووە»؛ ئەم کەسە کۆمەڵێک زانیاری گرینگی سەبارەت بەم مژارانە بە کۆماری ئیسلامی داوە: «ناوی ئەو هۆتێلانەی کە ئامریکاییەکان لەگەڵ سیخوڕەکانیان دانیشتنیان هەبووە، ناوی ئەو هاووڵاتییە عێراقییانەی کە هاوکاری هێزە ئامریکاییەکانیان کردووە بۆ لەنێوبردنی تێرۆریزم و تەنانەت ناونیشانی ماڵە تایبەتییەکانی ئامریکاییەکان».

٧٠٠ لاپەڕە بەڵگەنامەی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران دەری خستووە کە ئێران بەشێکی زۆر لە سیاسییەکانی عێراقی کڕیوە.

ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» لەمبارەوە نووسیویەتی: «بەپێی ئەم ڕاپۆرتەی نیۆیۆرک تایمز، ئەم بەڵگانە سیخووڕی و چالاکییەکانی ڕێژیمی ئێران لەنێو خاکی عێراق بۆ دزەکردن لە هەڵبژاردنی ڕێبەرانی ئەم وڵاتە، دانی پارە بە نوێنەرانی عێراق بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و هەروەها دزەکردن لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و مەزهەبی نیشان دەدات».

لەم بەڵگانەدا، ڕۆڵی ‹‹قاسم سلێمانی›› فەرماندەی سپای تێرۆریستی قودس لە عێراقدا نیشان دراوە.

هەروەها لەم بەڵگەنامانەدا باس لە دانیشتنەکان لە شاری بەغدا و نەجەف کراوە کە ڕێژیمی ئێران، حیزبەکانی ئەو وڵاتەی بۆ پشتیوانی لە ‹‹عادڵ عەبدولمەهدی›› ڕازی بکات. ئەوەش ئاشکرا بووە کە «حەیدەر عەبادی» و «ئیبراهیم جەعفەری»، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق و هەروەها «سەلیم ئەلجبوری››، سەرۆکی پێشووی پارلمانی عێراق لەگەڵ سرویسە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێران پەیوەندی و هاوکارییان هەبووە. هەروەها لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە ڕێژیمی ئێران سەبارەت بە ناردنی فەقێ بۆ حەوزەی عیلمییەی عێراق و هەروەها هۆتێلسازی لە کەربەلا و نەجەف پێداگری دەکات، بەڵام ئەوەیکە دەگەڕێتەوە سەر کوردستانی باشوور ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی دوورودرێژە لەسەر بنەمای ستراتژی دزە کردنە نێو وڵاتانی ناوچە وەک ناوچەیەکی مەترسیدار بۆ سەر دەسەڵاتداریتی شیعە لە بەغدا سەیری کوردستانی باشووری کردووە بۆیە هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە دەسەڵاتی کوردی لەم بەشە لاواز و بێ‌توانا بکات یان لە پێش چاوی پارچەکانی تر بەو شێوەیە نیشانی بدات.

بۆ بەئامانج گەیاندنی ئەم بیرۆکەیەش، کۆماری ئیسلامی لە هەموو پۆتانسیەڵ و ڕەهەندەکانی فەرهەنگی، سیاسی، میدیایی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی و ... کەڵکی وەرگرتووە؛ هەر لە دامەزراندنی بنکە و بارەگای تایبەتی سیخوڕی بەناوی کونسولخانە و باڵوێزخانەوە بگرە تا دەگاتە پیشانگای کتێب و خواردنی ناوچەیی و جلوبەرگ؛ سازکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی و پلانداڕێژی میدیایی بۆ ڕاگەیەنە گشتییەکانی ئەم هەرێمە و بڵاوکردنەوەی «شایعە» و هەواڵی ساختە؛ ڕەوانەکردنی دەیان تۆن ماددەی سڕکەر و گیرۆدەکردنی هاووڵاتییانی ئەم پارچەی کوردستان، سازکردنی بنیاتی جۆراوجۆر لەژێر ناوی چالاکی پزیشکی و خێرخوازانە و لە بنەڕەتڕا جێبەجێکردنی پیلانەکانی سپای قودس و وەزارەتی ئیتلاعات.

هەڵبەت نابێ لەم نێوانەدا ئەوەشمان لەبیر بچێ کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان لە «موضع»ی هێز و دەسەڵاتەوە دەجووڵێتەوە، ئەوا بەرامبەر بە کوردی خۆرهەڵات کە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی و سەربازیشی بە دەستەوە نییە، «موضع»ێکی جیاوازی هەیە و بەپێچەوانەی فرۆفیشاڵە سیاسییەکانی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی کوردی خۆرهەڵاتی نەبووە. ئەم ڕووبەڕووبوونەوە زیاتر لەوەیکە ڕووی سەربازی بەخۆوە بگرێ، لایەنی هزری و ئایدیایی لەخۆ دەگرێ.

بەو واتایە کە ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا بە بەردەوامی و چ لە ڕێگەی شەڕی زبر و چ لە ڕێگەی شەڕی نەرم هەوڵی پاکتاوکردنی کورد لە خۆرهەڵاتی داوە یان لانیکەم لە هەوڵدا بووە کە کورد لە کوردستانی ئێران بتوێنێتەوە و ئینتمای نیشتمانی و نەتەوەیی لێ بستێنێتەوە بەڵام نەیتوانیوە بە ئامانجەکانی بگات. سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەش لە چەند تابلۆی مێژووییدا خۆیان دەنوێنن کە بەرجەستەترینیان ئەمانەن:

- پشتگیری کەموێنەی خەڵکی کوردستان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ٣ ساڵی ڕابردوودا کە دوابەدوای هاتنەئارای قۆناغی نوێی خەبات ناسراو بە ڕاسان هاتە ئاراوە.
- بەهاناوەچوونی بوومەلەرزەلێدراوانی کرماشان و سەرپێڵی زەهاو
- گیانبازی و بەخشینی ژیان بۆ پاراستنی خاک و دارستانەکانی کوردستان
- بەشداری هەزاران کەسی لە ڕێوڕەسمی ناشتنی شەهیدانی ژینگە
- داخستنی دووکان و بازاڕ لە ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧
- کرانەوەی کاناڵی تەلەفزیۆنی تیشک
- حەماسەخوڵقێنی ڕۆژهەڵات لە کاتی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی باشوور
- مەحکوومکردنی پەلامارە سەربازییەکانی دەوڵەتی تورکیە بۆسەر کوردستانی ڕۆژاوا
- و ....

کۆی ئەم پرس و بابەتانەش چەند ڕاستیمان جارێکی تر بۆ دەسەلمێنن: یەکەم گەلی کورد بەتایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات خاوەن ڕۆحێکی بەرزی نیشتمانپەروەرین کە هانیان دەدات بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە کەسۆکییەکان، پێشمەرگەئاسا هەڵوێست بگرن، دووهەم شکست خواردنی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی کۆماری ئیسلامی لە پاش ٤٠ ساڵ، سێهەم بوونی هەوڵێکی سیستماتیک لەلایەنی تارانەوە بۆ بە کۆلۆنی کردنی هەموو خاکی عێراق و بەتایبەت هەرێمی کوردستانی باشوور کە لەم پێوەندییەشدا شەقامی عەرەبی بەرهەڵستی بووەتەوە و دەبینین کە لمبۆزی جەماران چلۆن لەم وڵاتەدا لە خاکی کەربەلا و نەجەف وەردراوە.

# بڕیار و فتوای جیهادێکی تر

سۆران شەمسی

دوابەدوای ڕێپێوان و خۆپێشاندانە جەماوەرییەکانی خەڵک لە زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران کە بە هۆی گرانبوونی بەهای بێنزین هاتە ئاراوە، عەلی خامنەیی ناچار کرد بێتە سەر هێڵ و ڕایگەیاند: ئەو کەسانەی هاتوونەتە سەر شەقامەکان ئاژاوەگێڕن.

خامنەیی لەو بارەیەوە دەڵێت: لەم دوو شەوەی ڕابردوودا کە بەسەر ئەم بابەتەدا تێپەڕیوە، هەموو «ناوەندە شەڕایسانەکانی جیهان» هاتوونەتە سەر هێڵ و خەڵک هان دەدەن بۆ ئەنجامدانی ئەم کردەوانە؛ ناوبراو دەڵێ: مونافیق و تاوانباران ویستوویانە بەردەوام لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە شوێنەکانی تر خەڵک هان بدەن و فێری خەڵک دەکەن کە ئەم کردەوە خراپکارییانە بکەن.»

هەروەها وتوویەتی: خەڵکانێک کە ڕێپێوانیان کردووە، خراپەکارن و دەبێت لەبەرامبەریاندا دژکردەوەمان هەبێ! و هیچ ناوەند و ڕێکخراوێک نابێت یارمەتیدەری خەڵک بێت.

ئەو قسانەی خامنەیی کە وێنای هەمان قسەکانی خومەینی لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندایە، پرسێکی تازە نییە کە بەرانبەر بە گەلانی ئێران و یەک لەوان گەلی کورد بەکاری هێنا، تەنیا جیاوازی ئەم دوو قسە لەوەدایە کە ئەمڕۆ ئەم فتوایە لە بەرانبەر هەموو نەتەوەکانی ئێران بەکار دەهێندرێت.

شەهیدکردنی دەیان خۆپیشاندەر ئەوەمان پیشان دەدات کە ڕێژیم بۆ مانەوەی خۆی دەست لە هیچ چەشنە تاوانێک ناپارێزێت و هەموو کردەوەیەکی نەشیاو دەکات وەکوو تاوانی خاوەران، لەسێدارەدان و گوللەباران و تیرۆر کە لە کردەوەکانی ئەم ڕێژیمەن بۆ مانەوەی خۆی؛ پڕاشکرایە کە گەلانی ئێران بە یەکگرتوویی و هاودەنگی دەتوانن لە بەرانبەر ئەو شێوە ڕێژیمە دڕندانەدا ڕاوەستن، ڕێپێوانی خەڵک لە دوای ڕاگەیاندنی بەرزبوونەوەی بەهای بێنزین لە سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی، ٢٤ی خەزەڵوەردا و دواهەوڵەکانی ڕێژیم بۆ تێهەڵێنانەوەی نوقستانی بودجە دەستی پێکرد، لە کاتێکدا وتەبێژی دەوڵەت و سکرتێری ڕێکخراوی پلاندانان و بودجەی خودی ڕێژیم ئەوەی لەسەر داهاتی ١٨ میلیۆن خەڵک کە لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین باس دەکات.

ئەم شێوە بڕیاردانە بەپەلەیە لە نیوەشەودا و کار پێکردن بە بڕیارەکە وا بە زوویی، گەیاندنی ئەو ڕاستییەیە کە ڕێژیم ترسێکی زۆری لە دڵدایە لە سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەرانبەر بە ڕێژیم. ڕێژیم زۆر لە ناکاو نرخی سووتەمەنی لەسەدا سێسەد ٣٠٠٪ بەرز دەکاتەوە و هەر زۆر زوو دژکردەوە بۆ ئەم بابەتە و ڕێپێوان لە تاران دەست پێدەکات و زۆربەی شارەکانی وڵاتی ئێران دەگرێتەوە، نۆرەکانی بێنزین و دژکردەوە خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بنەماڵە و ئەو کەسانەی کە بۆ ڕاگەیاندنەکانی دەرەوە وڵات ویدیو دەنێرن، ئەو کەسانەی کە بەدواداچوون بۆ هەشتاگەکان و هەواڵەکانی پێوەندیدار بە گرانبوونی بێنزین دەکەن، هەموویان بەشێکن لەم کۆمەڵگایە و گرانبوونی بێنزین ڕاستەوخۆ کاردانەوەی هەیە لەسەر چۆنیەتی ژیانیان یان ترسیان لە کاردانەوەی ناڕاستەوخۆی گرانبوونی هەیە لەسەر ژیانیان.

بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەم گرانییە چییە؟ و چ کاردانەوەیەکی لەسەر کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵانی خەڵک لەناو کۆمەڵگادا دادەنێت؟ دژکردەوە لە بەرانبەر گرانبوونی بێنزیندا عاقڵانەیە؟ ئەگەر عاقڵانەیە لە چ ڕێگایەکەوە دەتوانرێت ئەم خۆپیشاندانانە بەڕێوە ببردرێت؟ گرانبوونی بێنزین چ بەرهەمێکی نەرێنی بۆ کۆمەڵگای ئێرانی دەبێت؟

ئەو ڕۆژانە بەهای هەموو شتێک بە بەراورد لەگەڵ دوو ساڵ لەمەوبەر دەکرێت بڵێین سێ بەرانبەر بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، دوای ماوەیەک نرخی هەموو شتێک دیسان بە چووکەبوونەوەی سفرەی ئابووری و داهاتی خەڵک زیاتریش دەبێت و توانای پێشگرتن لە گرانبوونی کەلوپەل لە دەسەڵاتی ڕێژیم چووەتە دەرەوە. بێگومان ڕێژیم هەموو هەوڵی خۆی دەدات کە پێش لە خۆپێشاندانی خەڵک بگرێت، ڕێژیم چیتر توانای دابینکردنی تێچووی هێنان و بردنی کەرەستە بێنزینییەکانی نەماوە، لە ئێستادا ڕۆژانە ٨٧ میلیۆن لیتر بێنزین لە ئێراندا بەکار دێت، بە دیتنی ئەو ڕاستییە کە تێچووی بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بێنزین وەکوو خۆی ماوەتەوە چوونەسەرەوەی بەهای ٢٠٠٠ تمەنی بێنزین، قازانجی ١٧٤ میلیارد تمەنی بە شێوەی ڕۆژانە دەخاتە گیرفانی ڕێژیم، کە ساڵانە ئەم داهاتە نزیکەی ٦٤هەزار میلیارد تمەنە، لە کاتێکدا کە گرانی بێنزین بە هۆی تێهەڵێنانەوەی داهاتی لەدەستچوو، بە هۆکاری دانانی گەمارۆی ئابووری لەسەر نەوت بێت، داهاتێکی زۆر باش لە ڕێگای گرانبوونی بێنزین بەدەست ڕێژیم دەکەوێت کە دەتوانرێت بەکار بێت بۆ ئەو ناوچانەی کە هیچ شێوە خزمەتێکیان بەخۆیانەوە نەدیوە و ئاوەدان بکرێنەوە یان بۆ بەشی زیندووکردنەوەی ئابووری داڕماوی وڵات بەکاری بێنن.

پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەم داهاتانە لەم بەشە گرینگانەدا کەڵکیان لێ وەردەگیرێت؟ یان ژمارەکان لە گەندەڵییە هەزار میلیاردییەکاندا ون دەبن؟ داهاتوو وڵامدەری ئەم پرسیارە دەبێت.

لە ڕاستیشدا وڵامەکان دیارن و ئاشکرایە کە ئەم داهاتانە بەکاردێن بۆ ئەم کردەوانەی ڕێژیم و دەستێوەردان لە ناوچەکەدا، قەیرانە تێچەقیوەکان، ڕێژیم و «ولایەتی فقیە»ـی گەمارۆ داوە. قەیرانێک کە دەوری یەک شت دەسووڕێنەوە ئەویش قەیرانی بوونی ڕێژیمە. ڕێژیم تووشی ڕۆژگارێک بووە کە لە سەر باڕووت و ئاگرێکی هەڵگیرساودا دەڕوات. لە ناوەندی ئەم باڕووت و ئاگرەدا چەخماخەیەک هەیە کە هەمووکات چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە لە ناوخۆ شتێک بێتەپێش تا لێدرێت و بڵێسەی ئاگر هەڵبستێت، دەتوانین بڵێین کە بەو پێیە نێوانی خەڵک و ڕێژیم وەکوو برینێکی کراوە وایە و گۆشت و دەمار بە کراوەیی دیارن، ئەوەیە پێناسەی گەلانی ئێران لە بەرانبەر ڕێژیمی دژەخەڵکیی ویلایەتی فقیهی. بە وتەی چالاکانی ئابووری، کێشە ناوخۆییەکانی وڵات، زیاتر لە گەمارۆ ئابوورییە نێونەتەوەییەکان، ئێرانی تووشی داڕمان کردووە و دۆخی ئابووریی ئێران بەرهەمی بەڕێوەبەری خراپی فەرمانبەران، گەندڵی بەرفراوان و گەمارۆ ئابوورییەکانە کە شیرازەی ئابووریی وڵاتی فەلەج کردوە، کە بە هۆی دەستێوەردانەکانی ڕێژیم لە وڵاتانی تردا کە لەلایەن وڵاتان بەسەر ئێراندا سەپێندراون، ئەو بەرهەمانەی کە ئێستاکە لەم بارودۆخە دژوارەی ئابووریی ئێراندا دەیانبینین، بەرهەمی گەیشتن بە یەکتری دوو هۆی سەرەکی گەورەیە، یەکێکیان ناوخۆیی و ئەوی تریان هۆی دەرەکی کەواتە ئەم قەیرانە لە ناکاو لە ساڵی ٩٨دا سەری هەڵنەداوە.

ئەو قەیرانە بەرهەمی کەڵەکەبوونی سیاسەتی هەڵەی شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتە کە ئەمڕۆ بەو شێوازە خۆی پیشان دەدات، هەموو چاوەڕوان بوون تاکوو دۆخی سیاسەتی نێونەتەوەیی ئێران باش بێت و لە ئاکامی ئەم باشبوونە لە بەرانبەر کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا هەڵەی بەرپرسانی ڕێژیم لە نێوخۆ ساڕێژ بکرێتەوە، بەڵام چونکە گرفتە نێونەتەوەییەکانی ڕێژیم چارەسەر نەکران، هەڵەی بەرپرسەکان خۆیان دەرخست و قەیران بە شێوەیەکی بەربڵاو گشتییەتی کۆمەڵگای تەنییەوە. داڕووخانی ئابووری هەر وەکوو لەناوەکەیەوە دیارە، بەرهەمی تێکڕووخانی ئابووری وڵاتێکە، داڕووخانی ئابووری لە ئێران بە هۆی سیاسەتێکەوەیە و بەرهەمی بەڕێوەبردنی کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانەی ڕێژیمی دەسەڵاتدارە.

لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا چەمکێک هەیە کە دەڵێت: کۆمەڵگا خواستی لە سەر گۆڕانکارییە، بەڵام دەسەڵات ناتوانێت. ئەو چەمکە دەرخەری ئەو ڕاستیانەی دۆخی ئابووریی ئێرانە، کە بە هۆی حوکمی ویلایەتی فقیهی، گەیشتووەتە ئاستێک کە کۆمەڵگا هەموو ڕۆژێک بەرەو نەداری و جیاوازی چینایەتی کۆمەڵگا دەچێت.

ڕێژیم هەرکات بێپارە دەبێت و دارایی لاواز دەبێت، هەر ئەوە دەزانێت کە بەهای ئەو کەرەستانەی کە لە دەستی خۆیدایە بباتە سەرەوە هەتاکوو ببێتە سەرچاوەیەکی داهاتی دارایی و پارەیەک بەدەست بێنێت و بۆ ئەم بابەتە ئەمڕۆ نەکات بە سبەینێ، دوێنێ بە بردنە سەرەوەی بەهای دراوە بیانییەکان، بەشێک لە کێشەکانی چارەسەر کرد و ئەمڕۆ کە دراوە بیانییەکان باویان نەماوە، دەستی کردووە بە فرۆشتن و هەرزانفرۆشکردنی شوێنە دەوڵەتییەکان بە ناوی کەرتی تایبەت یان سبەینێ بە گرانکردنی سووتەمەنی، بەڵام هیچکات هیچکام لەم شتانە بەڕاستی و لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا نییە؛ هەموو شۆڕشێک تایبەتمەندی و بەهای تایبەتی خۆی هەیە، خۆپیشاندان بە دژی دیکتاتۆرەکانیش بێگومان زیانی خۆی هەیە، بەڵام هیوای ئەوە هەیە کە ئەو بەرخودانە ببێتە هۆکاری داڕشتنی ستراتیژییەکی نوێ کە وێڕای هەبوونی زۆرترین هێز و ئاراستەبوون، کەمترین زیان بە دوای خۆیدا بێنێت، جیا لەوەیکە نابێت وای ببینین کە بە نەمانی دیکتاتۆرێک هەموو کێشەکان کۆتاییان پێدێت.

ڕووخانی هیچ ڕێژیمێکی هاوشێوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەدیهێنەری هەموو خواستەکانی کۆمەڵگا نییە، بەڵکوو تەنیا ڕێگایەک دەکاتەوە کە خەڵک بە تێکۆشانی بەردەوام و هەوڵدانی زۆر بتوانێت پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئابووری و سیاسەتێکی نوێ دابمەزرێنێت و ئەو پێوەندییە نوێیە بە نۆرەی خۆی بتوانێت نادادپەروەری و زوڵم لەناو بەرێت. هیوا ئەوەیە کە گەلانی نێو ئێران لە شێوەی سەرهەڵدانەکانی گەلانی تری جیهان بەرانبەر بە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانیان کەڵک وەربگرن بۆ نەمان و لەنێوبردنی ئەم ڕێژیمە دڕندەیە، بۆ گەلانی بندەست کە هیوایان بە ئازادی هەیە، قازانجی هەبێت و بەرهەمی هەبێت.

ڕێژیمێک کە بە بەڵێنی خۆڕاییکردنی ئاو و بەرق هاتە سەرکار، نەوتی بۆ پاڵپشتە نائێرانییەکان و هەژاری و ژانی بۆ ئێرانییەکان خۆڕایی کرد، تاکە ڕێگاچارەی، ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە دژە گەلییە و دژە ئێرانەیە. هەر ئەوەندەمان بەسە کە بڕوامان بە وزە و تواناییەکانی خۆمان هەبێت.

# ڕێژیمی ئێران لە ڕێگای میلیشیاکانییەوە، مەترسیی لەسەر ئاسایشی ناوچە دروستکردووە!

**محەممەد سلێمانی**

**حکوومەتی ئاخوندی بە ڕێگای میلیشیا چەکدارەکانی، گەورەترین مەترسی لەسەر ئاشتی و سەقامگیری سیاسی ناوچەیی دروستکردووە و ڕێژیمی تاران وەک دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و تیرۆریستی ناوچەیی زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو هێژموونی خۆی بەسەر فەرز کردووە**

سیستمی مەزهەبی - سیاسی ویلایەتی فەقیهی، گروپ و میلیشیا چەکدارە توندئاژۆکانی لە دەوری خۆیدا کۆکردۆتەوە و بە جۆرێك ئاراستەیان دەکات کە لە ڕێگای ئاڵۆزی و دروستکردنی مەترسی لەسەر ئاسایشی وڵاتانی دەوروبەردا، دەسەڵات و نفوزی تاران زیاتر خۆی بسەپێنێ و سنووری فراوانخوازییەکانی بەربڵاوتر بکات. حکومەتی تاران بە درێژایی دەسەڵاتی بەسەر گەلانی ئێراندا، جگە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی تۆقاندن و لەنێوبردنی جودابیران و دژبەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی نێوخۆی، لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتیشدا، بە ڕێگای تیرۆرکردنی سیاسی، بەرچاوترین کەسایەتییە سیاسی و مێژووییەکانی هاوچەرخی لەنێو بردوون و بەو جۆرە زەمینەی حوکمڕانی وەك دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر بەسەر ئیرادەی گەلانی وڵاتدا خۆش کردووە.

حکوومەتی ئاخوندی ئێران بە دژبەرێکی دڵڕەقی گەلی کورد و بزووتنەوەی سیاسی کوردستان دەناسرێ و زۆر بێبەزەییانە دژی شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەڵات کاری کردووە و لە هیچ چەشنە کردەوەیەکی دژی مرۆڤایەتی دریغی نەکردووە و بە ڕێگای تیرۆری سیاسیدا، ڕێبەرانی وەك دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لە نێو بردوون، بەو نیەتەی کە بەسەر خەباتی ئازادیخوازی کوردستاندا زاڵ بێت یان شۆڕشی سیاسی ئەو بەشەی کوردستان بەرەو لاوازی بەرێ و ڕۆحی بەرخۆدانی نەتەوەیی بکوژێت.

میلیشیا توندئاژۆکانی سەر بە تاران لەو پەیوەندییەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و وەك دەست و پەیوەندی نزیکی تاران لە هەر کوێیەك ئاخوندەکان بخوازن، لە پێناویاندا شەڕ دەکەن و دژبەرانی تاران لە نێو دەبەن.

کاتێك سەرچاوەی ئەو مەترسییانە بەگشتی لە سەر ئاستی ناوچە و گێتی بەتەواوی وشکایی دێ کە حکوومەتی ئاخوندی بە زبڵدانی مێژووی سیاسی سپێردرابێ و ئەو دەسەڵاتە دژی ئازادی و مافی گەلان و بنەما مرۆڤایەتییە دێموکراتیکەکان لە حوکمڕانی دوور خرابێتەوە. حکوومەتی ئاخوندی وەك نەیارێکی سەرسەختی پرسی کورد و شۆڕشەکانی کوردستان، دژایەتی لە گەڵ جووڵانەوەی سیاسی کورد دەکا و دەستی لە زۆربەی پیلانگێڕییە ناوچەییەکانی دژ بە خەڵکی کوردستاندا هەیە و لە هەر جێگایەك پرسی کورد بەرەو سەرکەوتن بچێ، ڕاست لەوێدا بەئامانجی دەگرێ و گەلەکۆمەکەی هەرێمایەتی بەدژی ڕێک دەخات و لە گەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تردا، دەکەونە وێزەی جووڵانەوەی سیاسی کورد.

وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلانی ئێران لە هەموو وەختێك زیاتر کردار و ڕوانینی دژی گەلییانەی ڕێژیمی ئاخوندیان بۆ دەرکەوتووە و هەر بۆیەش بەرچاوتر لە دەیەی شەست و هەشتای هەتاوی، دژایەتی خۆیان لە گەڵ حکوومەتی تاران دەربڕیوە و بە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی جەماوەری دەمێکە «نا» یان بەو دەسەڵاتە کۆنەپەرست و دژ بەئازادییەی گەلانی وڵات گوتووە.

بەڵام لە بەر هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی نێوخۆیی، پەرش و بڵاوی گوتاری سیاسی و نەتەوەیی گەلانی ئێران دەرفەتی مانەوەی زیاتری بۆ دەسەڵاتی تاران ڕەخساندووە.

ئەگینا حکومەتی ئاخوندی جگە لە قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دارایی، فشاری زۆری نێودەوڵەتی و نێوخۆیی لەسەرە و گەلانی ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا بەرچاوتر لە ڕابردوو داوای مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانیان کردووە و دەیکەن و لە ئێستاشدا بزووتنەوەی بەرینی جەماوەری بە شێوەی جۆربەجۆر شکڵیان گرتووە و لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە گەڵ حکوومەتی ئێراندا، تاران خێراتر لەوەی چاوەڕوان دەکرێ، دەسەڵات لەدەست دەدا و ئیرادەی گەلانی وڵات بە سەر قەڵای زۆرداریدا سەردەکەوێت.

عەلی خامنەیی ڕێبەری حکوومەتی ئاخوندی کە دەسەڵاتەکانی لەسەرووی هەموو جۆرە مووئەسەسەیەکی حکوومەتییە، بەتەنیا بڕیار سەبارەت بە کۆی قەیران و پەرەپێدانی کەڵاوەکێشەکان دەدا و زۆر بە ڕاشکاویش دەڵێت: نایانهەوێ لە گەڵ ئەمریکادا کۆببنەوە، چوونکە ناکرێ چاوەڕوان بکرێ لەو ڕێگایەوە قەیرانەکان چارەسەر بکرێن و کۆتایی بە بارگرژییەکانی ئەو دوو وڵاتە بێ کە مێژووی ناکۆکییەکانیان لەو کاتەوە دەستی پێکردووە کە ئێران دەستی بەسەر سەفارەتی ئەمریکادا گرت.

ڕێژیمی ئێران ئەو سیاسەتە بەڕێوە دەبات کە خۆیان دەیانهەوێ و بۆ دامرکاندنەوەی بارگرژییەکان، گوێ بۆ هیچ لایەك و تەنانەت هەڕەشەکانی ئەمریکاش ناگرن و لەسەر ئاستی ناوچەییدا خۆیان بێ ڕەکابەر و دژبەر دەزانن ، هەربۆیەش لە هەر وڵاتێك و شوێنێك دڵیان بخوازێ، بوونی خۆیان بە ڕێگای میلیشیا و گروپە توندئاژۆ چەکدارەکاندا فەرز دەکەن.

کۆشکی سپی هەوڵ دەدات بە ڕێگای بژاردەی گەمارۆ داراییەکاندا فشار لە سەر دەسەڵاتی تاران دروست بکا و پاشەکشەیان پێبکات، بەڵام هەروەك بەکردەوە دەرکەوتووە، لەو ڕێگایەوە نەیانتوانیوە حکوومەتی ئاخوندی هەوسار بکەن و بە شێوەیەك لە شێوەکان کۆنترۆڵ بکرێ و ڕەفتاری سیاسی خۆی بگۆڕێ بەڵکوو بە باشترین شێوە سوودی لەو نەرمە هەنگاوە سیاسییانەی ئەمریکا بینیوە و هەتا دێت زیاتر جێگای پێیەکانی لە وڵاتانی عێراق و سووریە و لوبناندا قایم دەکا و دواجار لەو وڵاتانەوە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوبەش و دۆستەکانیان دەکات.

ئەگەر ئەو بێدەنگییەی واشنگتۆن هەروا بەردەوامی هەبێت، بێگوومان حکوومەتی تاران زیاتر بە سەر بارودۆخی ناوچەییدا زاڵ دەبێ و مەترسی گەورەتر لە سەر دۆست و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا دروست دەکات. کاربەدەستە سیاسی و سەربازییەکانی ڕێژیمی تاران بە ڕوونی و بە دیاریکراوی لە تازەترین لێدوانیاندا، هەڕەشە لە هاوپەیمانە ناوچەییەکانی کۆشکی سپی دەکەن، ئەوەش بەو جۆرە مانا دەکرێتەوە کە ئێران جگە لە خۆیان حیساب بۆ فشار و هەڕەشەکانی نەیارەکانیان ناکەن و نەرمە فشار و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، کاریگەری ئەوتۆی لە سەر ڕەفتار گۆڕینی سیاسی ڕێژیمی ئاخوندی نەبووە.

حکوومەتی ئاخوندی بە ڕێگای میلیشیا چەکدارەکانی، گەورەترین مەترسی لەسەر ئاشتی و سەقامگیری سیاسی ناوچەیی دروستکردووە و ڕێژیمی تاران وەك دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و تیرۆریستی ناوچەیی زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو هێژموونی خۆی بەسەر فەرز کردووە. بەڕێگای هاندانی گروپە نزیکەکانیدا ژاوەژاوێکی گەورەی خستۆتە نێو شەقامی عێراق و لوبنان و هەتا خامنەیی بەڕوونی فتوای بەدژی خەڵکی وەزاڵەهاتووی بەغدا و شارەکانی تر دا.

ئامانجی حکوومەتی تاران لەو سیاسەتەی سەپاندنی زیاتری دەسەڵاتی تارانە بەسەر ناوەندی بڕیاری سیاسی لە بەغدا و بەیروت بەڵام ئاماژەکان دەری دەخەن کە ئەو پیلانەی ڕێژیمی ئاخوندی سەرناگرێ و زۆریان بەسەردا شکایەوە و خەڵکی بە دژی ئەوان دەنگیان هەڵبڕیوە. عێراق بە هۆی سەرۆکوەزیرانی نوێیەوە تا ڕادەیەك پەیوەندییەکانی لە گەڵ هەرێمی کوردستان بەرەو باشی چووە و هەوڵی چاکسازی و ئاوەدانکردنەوەی شارە وێرانبووەکانی دەدا، کەچی ڕێژیمی تاران بە ڕێگای گرووپەکانییەوە ئاڵۆزی گەورەی خستۆتە ئەو وڵاتە. سەرەتا بە هەموارکردنەوەی دەستووری ئەو وڵاتە دەیانهەوێ ناکۆکی بخەنە بەینی پێکهاتەکانی عێراق و پاشان مەترسی لە سەر دەسکەوتە سیاسی و دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان دروست بکا و بە یاسا مافی نەتەوەیی کورد بخاتە پەراوێز و کێشەی گەورە لەو وڵاتە ساز بکات.

خامنەیی وەک گەورە مەرجەعی ئەو ئیتلافە سیاسی و مەزهەبییە کە لە سەر ئاستی ناوچەییدا پێکی هێناوە، توانیویەتی بە هۆی کەسە نزیک و باوەڕپێکراوەکانی، حوکمی زۆر یەك لەو وڵاتانە بکا کە لایەنە شیعەکان بە ڕێگای ئاڵۆزی سیاسی و دروستکردنی مەترسی لە سەر ئاسایشی وڵات، تا ڕادەیەك جێگای پێیان خۆشکردووە و توانیویانە گەمارۆی دەسەڵاتی سیاسی و شەرعی وڵاتان بدەن.

پێکهاتەکانی ئەو وڵاتانە بە نیگەرانییەوە دەڕواننە داهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان و لە ئاکامی ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕواننەکراودا کە ڕێژیمی ئێران لە پشتیەوە بێت.

وەلیی فەقیە کە ڕێبەری مەزهەبییە توندئاژۆکانە، ناوە بە ناوە لە گەڵ ئەو کەسانەدا یەکدی دەبینن کە لە وڵاتانی ناوچە و نزیکدا ڕۆڵیان هەیە و ئامانج لە دیدارەکانیان بە دڵنیاییەوە بۆ مەبەستی خێر نییە و بە هاوبەشی پیلانی ناسەقامگیری سیاسی و سەربازی ناوچەی دادەنێن و ڕاست ئەوە دەکرێ کە بە سوودی حکوومەتی ئاخوندی ئێران تەواو بێت. چوونکە ڕێژیمی ئێران بە ڕێگای ئەو ئاڵۆزیانەدا دەتوانێت سوودی باش لە قەیران و کەڵاوەکێشە ناوچەییەکان ببینێ و زەمینەیەکی ئەوتۆ بڕەخسێنێ کە هێزی خۆی نیشانی نەیارانی و لە نێویاندا ئەمریکا بدات. بە هۆی سیاسەتی نەرم و بەپارێزی ئەمریکا، ئێران لە زۆر ناوچەی کێشە لەسەردا پێشڕەوی کردووە و ئەگەر ئەو بارودۆخە درێژەی هەبێ و واشنگتۆن ستراتیژی بیرکردنەوەی خۆی سەبارەت بە حکوومەتی ئێران نەگۆڕێ، زیانی زۆر بە بەرژەوەندی ئەو وڵاتە و هاوبەشەکانی دەگات و مەترسی گەورەتریش لە سەر هاوکێشە ناوچەییەکان دروست دەکات.



**باڵادەستی تاران پەیوەندی دەماری و ڕاستەوخۆی  بە هێژموون و باڵادەستییەکانی گرووپە بەستراوەکان بە تارانەوە لە وڵاتە جۆربەجۆرەکاندا هەیە، بەچەشنێک کە لە ڕێگای مۆرەکانیانەوە، مەترسی بەربڵاویان لە سەر ئارامی و ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی ناوچە بە گشتی دروست کردووە**

باڵادەستی تاران پەیوەندی دەماری و ڕاستەوخۆی بە هێژموون و باڵادەستییەکانی گرووپە بەستراوەکان بە تارانەوە لە وڵاتە جۆربەجۆرەکاندا هەیە، بەچەشنێك کە لە ڕێگای مۆرەکانیانەوە، مەترسی بەربڵاویان لە سەر ئارامی و ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی ناوچە بە گشتی دروست کردووە و بە ئارامی هەوڵی وەدەرنانی هێزەکانی ئەمریکا یان لە عێراقیش دەستی پێکردووە کە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بە هۆی ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵك بگۆڕێ. ئەوەی بۆ ئێران لە ئێستادا زۆر گرینگە ئەوەیە کە لە ڕێگای حکوومەتی ناوەندی عێراقەوە هەوڵی وەدەرنانی هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە بدات.

ئێران بەکردەوە دژایەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکا و زۆر بێباکانە نەرمە سیاسەتی خۆی بە ئامانجی دوورخستنەوەیان بەڕێوە دەبا و بە درێژایی حوکمڕانی تاران هەوڵی خۆبەهێزکردنی داوە .

کاتێک ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قۆناغی دژواری مەزهەبی و تایفەگەری و پشێوی سیاسی و سەربازی بەتەواوی ڕزگاری دێ و پەیوەندییە ناوچەییەکان لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی هاوبەش خۆ دادەڕێژنەوە، کە حکوومەتی ئێران لە سەر دەسەڵات لادرابێ.

**ئەو ڕووداوانەی  کە لەسەر ئاستی ناوچەییدا ڕوویان داوە، بە کردار پەردەیان لە سەر ئەو ڕاستییە هەڵداوەتەوە کە ئێران دەوری سەرەکی هەیە لە ئیدارەکردنی بەشێک لە  وڵاتانی ناوچەیی و مەترسی لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی زۆرێک لە وڵاتانی دژبەری خۆی دروست کردووە**

ئەو ڕووداوانەی کە لەسەر ئاستی ناوچەییدا ڕوویان داوە، بە کردار پەردەیان لە سەر ئەو ڕاستییە هەڵداوەتەوە کە ئێران دەوری سەرەکی هەیە لە ئیدارەکردنی بەشێك لە وڵاتانی ناوچەیی و مەترسی لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی زۆرێك لە وڵاتانی دژبەری خۆی دروست کردووە و ئەگەر بێت و هەلومەرجەکە هەر بەو جۆرە بێ، ئێران زیانی گەورەتر بە ئاشتی و ئارامییەکانی گێتی دەگەیەنێت.

# ناڕەزایەتییەکان، ئێران بەرەو چ ئاقارێک دەبەن؟

ئاسۆ مێنبەری

ماوەی چەند ڕۆژە کە هەواڵی ناڕەزایەتییەکان و ڕژانە سەرشەقامی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بووەتە سەردێڕی هەواڵەکانی زۆربەی ڕاگەیاندن و ماڵپەڕەکانی جیهان.

ئەم ناڕەزایەتییانە بۆچی ڕوویان دا و لە کۆتاییدا بەرەو چ ئاقارێک دەڕۆن، ئەو مژارەیە کە لەم نووسراویەدا باسی لە سەر ئەکرێت.

لە ڕاستیدا ئەگەر وای بۆ بچین کە سەهمیەبەندی و گرانبوونی ٣٠٠ لەسەدیی نرخی بێنزین تەنیا هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم ناڕەزایەتییانە لە نێو خەڵکدا بووە، بە هەڵەدا ڕۆیشتووین، چونکە بەدرێژایی ٤٠ ساڵ لە دەسەڵاتداریێتی نگریسی ڕێژیمی ئاخوندی بە سەر خەڵکی بێدەرەتان و هەژاری ئێراندا، تاکوو ئێستا کە شەقام و شار خرۆشاون و خەڵک داوای مافی خۆیان دەکەن، ئەوەی کە بەرانبەر بە خەڵک کراوە، سەرکوت، کوشتن و لەسێدارەدان، ئەشکەنجە و بە دەیان ئازاری دیکە بووە.

وەک فارسەکان دەڵێن کاسەی سەبری خەڵکی ئێران سەرڕێژ بووە و تێگەیشتوون کە ٤ دەیە بێدەنگی، ٤ دەیە ڕاهاتن لەگەڵ گرانی و هەژاری، ٤ دەیە لێوگەستن لە کاتی کوژرانی ڕۆڵەکانیان، ٤ دەیە گوێڕایەڵ بوون و ملکەچی بڕیارەکانی ئەم ڕێژیمە بوون، دەردێکیان لێ دەرمان ناکات و تا دەڕوات ئەو ڕێژیمە زیاتر لە جاران ئازاریان دەدات و مافیان پێشێل دەکات و دڕندەتر دەبێت و زیاتر ڕۆڵەکانیان و داهاتووی منداڵەکانییان دەکاتە قوربانیی سیاسەتەکانی خۆی، بۆیە ئەمجارە گرانبوونی بێنزینیان کردە بیانوویەکی باش بۆ ڕاپەڕین، ڕاپەڕینێک کە تاکوو ئێستا و لە درێژەی ئەم چەند ڕۆژەدا کۆمەڵێک قوربانی لێکەوتووەتەوە و خوێنی بۆ ڕژاوە بەڵام هەروا بە خرۆشە.

هاوکات لەگەڵ جێبەجێکردنی گەڵاڵەی نوێی ڕێژیم بۆ گرانترکردنی بێنزین، ناڕەزایەتیدەربڕین لە شوێنە جیاجیاکانی ئێران و کوردستاندا دەستی پێکرد.

هەواڵدەریی ئیرنای سەر بە ڕێژیم لەم کاتەدا ئینفۆگرافیکێکی بڵاو کردەوە کە گوایە لە کاتی سەرکۆماریی «ئەحمەدی‌نژاد»دا نرخی بێنزین ٦٠٠ لەسەد زیادی کردووە و لە ساڵی ٩٤ هەتا ٩٧یشدا هیچ گۆڕانێک لە نرخی بێنزیندا نەبووە و ئەمەی بە بەرەکەتی هەبوونی ڕۆحانی لە قەڵەم دابوو، تاکوو بەم شێوازە خەڵک تووشی پەشیمانی و پاشگەزبوونەوە لە خۆپیشاندانەکانیان بکات.

لە سەرەتای دەستپێکردنی ناڕەزایەتییەکان و هاتنە سەرشەقامی خەڵکەوە، ئەوەی کە بە باشی دەرکەوت، ترسی ڕێژیم لە زۆربوونەوە و پەرەسەندنی ئەم ناڕەزایەتییانە بوو، هەر بۆیە کاربەدەستانی ڕێژیم بە شێوەی فەرمی و نافەرمی باسیان لەوە کرد کە ئەمانە کەسانێکی «ئیغتشاشگەرن» و دەیانەوێ بشێوی و ئاڵۆزی دروست بکەن بۆیە لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵک دەستیان نەپاراست.

دەربڕینی ناڕەزایەتییەکان لە ئێراندا، لە ڕۆژی ٢٤ی خەزەڵوەر واتە لە کاتی سەهمیەبەندیی بێنزینەوە دەستی پێکرد و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی خۆپیشاندەران زیادی کرد، تا جێگایەک کە ڕێژیم دیسان بۆ پێشگرتن لە ناڕەزایەتییەکان و بێدەنگ کردنی خەڵک، دەستەوداوێنی یارانەکان بوویەوە و ڕایگەیاند کە ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر یارانەکان دەڕژێنە حسێبی بنەماڵەکانەوە بەڵام، یارانەی ٤٥ هەزاری ئەمجارە نەیتوانی پێش بە سەرهەڵدانی خەڵک بگرێت هەر بۆیە ڕوحانی ڕایگەیاند کە گەڵاڵەی یارمەتیی بنەماڵەکانیش بە زووترین کات بۆ ١٨ میلیۆن بنەماڵە لە ئێراندا جێبەجێ دەکرێت.

هەواڵدەریی ئیرنا بە بڵاوکردنەوەی ئینفۆگرافیکێکی دیکە باسی لەوە کرد کە هۆکاری سەرەکیی گرانبوون و سەهمیەبەندیی بێنزین بۆ چەند خاڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە کە بریتی بوون لە: **٢٣** بەرابەر بوونی دەستپێڕاگەیشتنی ساماندارەکان بە بێنزین بە نیسبەت هەژارەکان و توێژی کەمداهات، زێدەڕەویی ٨٥ لەسەدیی خەڵکی ئێران لە بەکارهێنانی بێنزین و گرینگتر لە هەمووی پێشگرتن لە قاچاخی ١٢ میلیۆن لیتر بێنزین لە ڕۆژدا کە هەمووی ئەمانە ئەگەر زۆر ڕاستیش بن، سەرچاوە سەرەکییەکەی بۆ خودی ڕێژیم و پلان و بەرنامە سەقەتەکانی خۆی دەگەڕێتەوە.

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، داواکارییەکانی خەڵک لە سەر شەقامەکانی ئێران نیشانی دا کە خواستی ئەوان تەنیا هەرزان بوونی نرخی بێنزین نییە، بەڵکوو ئەمە هاواری نووستووی ٤٠ ساڵ ئازار و ئەشکەنجەیەکە کە لە لایەن ڕێژیمەوە چێشتوویانە و بۆیە گۆڕانی نرخی بێنزین ناتوانێ کاریگەریی لە سەر دۆخی خۆپیشاندانەکان هەبێت و ئەوان بەردەوامن. دروشمەکانی خەڵک لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا کە باس لە نەمانی خامنەیی و ڕووخانی ڕێژیم دەکەن نموونەی بەرچاوی بێزاریی خەڵک لە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهیی زاڵ بە سەر ئێرانە.

لە ٢٤ی خەزەڵوەرەوە تاکوو ئێستا لە لایەن خودی ڕێژیمەوە ئامارێک سەبارەت بە ڕێژەی کوژراوان و برینداربووان بڵاو نەکراوەتەوە و ڕێژیم بۆ چەواشەکردنی ڕاستییەکان ئەم سەرهەڵدانانە پێوەند ئەدات بە کەسانێکی بەرژەوەندیخوازەوە کە لە لایەن کەسانێکەوە لە دەرەوە هان دەدرێن.

هەر بۆیە لە چەندین سێناریۆی ساختەشدا، هاوشێوەی ئەو کارانەی کە لە ساڵەکانی ٥٦ و ٥٧ی هەتاوی دەیانکرد و دەیانخستە ئەستۆی پۆلیس و ژاندارم، هەوڵی بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتییان دا، بۆ نموونە بە ئاگرتێبەردانی شوێنگەلێکی وەکوو پەروەردە یان شوێنە دەرمانییەکان هەوڵیان دا کە ئەم هەوڵە تێکدەرانانە بخەنە ئەستۆی ئۆپۆزسیۆن و بەو بیانوویە دەست بە گرتن و ئازاری خەڵک بکەن، بەڵام هەر وەک بەڕێز «حەسەن شەرەفی» جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێک لەگەڵ کاناڵی ڕووداودا بە ڕاشکاوی باسی لەوە کرد کە «تێکدانی شوێنە مەدەنییەکان کاری ڕێژیمە نەک خەڵک» ئەوانە تەنیا ساختەکاریی خودی ڕێژیم بوو تاکوو خەڵک بە تێکدەر و ئاژاوەگێڕ ناو ببات و دەرفەتی سەرکوتی زیاتریشی دەست کەوێت. تا پێش لە پچڕاندنی هێڵی ئینتێرنێت بە فەرمانی شۆرای ئەمنییەتی ڕێژیم لە ئێراندا کە بۆ پێشگرتن لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان ڕووی دا، بە سەدان وێنە و ڤیدیۆی خۆپیشاندانەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بوونەوە کە نموونەی بەرچاوی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و سەرکوتی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بوون.

ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لە ئاماری دیاریکراوی کوژراوانی ئەم خۆپیشاندانانە لە ئێراندا، زیاتر لە نیوەی کوژراوەکان خەڵکی شارەکانی کوردستانن و ئەمە نیشاندەری چەند بەرابەر بوونی گوشارەکان بۆ سەر خەڵکی کوردستانە، بە واتایەکی تر «ڕاسانی شار» لە کوردستان و جمشتی خەڵکی کۆڵنەدەری کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات زیاتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران ترسی لە دڵی ڕێژیم خستووە، چونکە باش دەزانێت کە بەردەوامیی ئەم خرۆشانە جەماوەرییە، ئەتوانێ گۆڕانێکی بەهێز لەو بەشەی کوردستاندا دروووست بکات و مێژوویەکی نوێ تۆمار بکات.

بەشداریی بەرچاوی ژنان لە خۆپیشاندانەکاندا بەتایبەت لە کوردستاندا کە بەداخەوە شەهیدبوونی دوو ژنی کوردیشی لێکەوتەوە، نموونەی بەرچاوی کاریگەرییەکانی خەباتی ڕەوا و بەردەوامی نەتەوەی کورد بۆ ڕزگاری لە ژێردەستە بوونە و ئەیسەلمێنێت کە ژنانیش بۆ ئازادی گیان بەخت دەکەن.

چەواشەکارییەکانی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ کەم بوون و کۆنترۆڵی ناڕەزایەتییەکان لە لایەن خۆیەوە بەردەوامە، بەڵام ڕاستییەکان شتێکی دیکە دەڵێن، لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا کە زیاتر لە ٥٠ شاری ئێران پەیوەست بە ناڕەزایەتییەکانەوە بوون، ڕێژیم لە زۆربەی شارەکاندا بە بێ هیچ هۆکارێک قوتابخانەکانی داخست.

سەرەڕای هەموو سانسۆرەکان، دنیای دەرەوەش بە باشی بینەری خرۆشانی خەڵک بوو کە لە خۆپیشاندانی ئەمجارەدا هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا لە ژن و پیاو، منداڵ و گەورە، قوتابی و خوێندکار لە نێو ناڕازییاندا بوون.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیش بە مەبەستی پشتیوانی لە خۆپیشاندەران لە چەندین ڕاگەیەندراوی جیاوازدا داوای لە خەڵک کرد کە بەردەوام بن، هەروەها داواکاریی ئەوەیان خستە بەر دەم دانیشتووانی وڵاتانی دیکەش کە بە هاتنە سەرشەقام لە وڵاتانی دیکەدا، پشتیوانی لە خەڵکی ئێران و بەتایبەت کوردستان بکەن.

دیارە بەردەوامی لەم خۆپیشاندانەدا گرینگرین خاڵە، چونکە وەک لە ئامارەکانیشدا باس کراوە، بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان و پچرانی هێڵی ئینتێرنێت تێچوویەکی زۆری بۆ ڕێژیم هەیە و ڕێژیم ناتوانێ لەم کارە بەردەوام بێ، کەوایە بەردەوامیی خەڵک، دەنگیان بە دنیا دەگەیێنێت.

لە لایەکی دیکەشەوە هاواهەنگی و هاوکات بوونی خۆپیشاندانەکان لە شارەکانی ئێران و کوردستاندا، پێش بە کۆبوونەوەی هێز لە شوێنێکی تایبەتدا دەگرێت و هێزی سەرکوت و ئازاری خەڵک لە لایەن دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمەوە کەم دەکاتەوە. خاڵێکی گرینگ کە هەیە بەردەوامبوونی هێزەکانی سەر بە ڕێژیم وەک هێزی ئینتیزامییە، کە زۆربەی کاتەکانیش باسیان لەوە کردووە کە لە ئەگەری ڕوودانی گۆڕان لە ڕێژیمدا، ئەوان لە جبهەی ڕێژیمدا نامێنن و لە سەرکوتی خەڵک خۆ دەبوێرن. وێڕای هەموو قوربانیدانەکان لە خۆپیشاندانەکانی ئەم جارەی ئێراندا، کە جووڵەکە جووڵەیەکی خەڵکییە و بە پێچەوانەی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٨٨، هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتردا نییە، شیمانەی ئەوە دەکرێت کە لە ئەگەری بەردەوامبووندا گۆڕانێک بێتە ئاراوە، هەڵبەت دەبێ ئەوەش لە بەرچاو بگیردرێت کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەگەر بۆ مانەوە و بەتاڵانبردنی سامانی خەڵکیش نەتوانن ڕێگایەکی دیکە بدۆزنەوە، ڕەنگە لە هێزێکی زیاتر بۆ سەرکوتی خەڵک و کۆمەڵکوژیی خەڵکی بێتاوان لە ڕێگەگەلی نەشیاوەوە کەڵک وەربگرن و بە یارمەتیی هێزە نیابەتییەکانیان لە وڵاتانی سووریە و لوبناندا هێرش بکەنە سەر خەڵک.

بەڵام ئەوەی کە ڕوونە ئەمەیە کە خەڵکی ئێران ئیدی لە پۆلیسی دژەشۆڕش و گازی فرمێسکڕێژ ناترسێن، ئەوان بە ئیرادەوە لەگەڵ ڕێژیم شەڕ دەکەن و بەدڵنیاییەوە ئیدی ناهێڵن وەکوو ساڵی ٥٧، ئەگەر شۆڕشێکیش هاتە ئاراوە، ئاکامەکەی لە لایەن کەسانێکەوە بەتاڵان بچێت، ئەوان بڕوایان بە ژیانی ئاسوودەی دێموکراتیکە بۆیە شەقامیان کردووە بە سەنگەری بەرخودان و خوێن دەدەن تاکوو بە ئازادی بژین.





# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی دووهەم

بەشێوەی وێنە
لە بەشی یەکەمدا باسم کرد کە وێنە تەنیا هەر دیالۆگ نییە لە گەڵ هەستی بینین، بەڵکوو هەر وەک «شۆپنهاوەر» دەڵێت کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر هزر و تێرامانی مرۆڤەکان. دەروونناسان دەڵێن بیرکردنەوەی ئێمە لەسەر بنەمای ئەو وێنانەیە کە لە نێو مێشک یان زەینماندا پێکدێت. هەروەها لێکدانەوەی تاکەکەسی خۆمان لە چوارچێوەی وێنەدا ئاشکرا دەکەین. دەتوانین بڵێین بە بینینی وێنە هەم زانیاری زۆرتر و ئاسانتر وەدەست دێنین و هەم خوێندنەوەش تام و چێژێکی تری هەیە. هەر بۆیە بە پێویستم زانی هێندێک لە بابەتەکان بە شێوازی نەخشە، وێنا بکەم.
نووسینی وتار لەسەر ڕاهێنەری بەڕاستی کارێکی ئاسان نییە و بە تایبەت لە دۆزینەوەی وشەکاندا هەست بە فەقیری دەکەم و ئاسان نییە هاوتای کوردییەکە بۆ وشە نۆرویژییەکان
بدۆزمەوە، بەتایبەت دەستەواژەکان. هەر چەند زمانی کوردی یەکێک لە زمانە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بەڵام لە هەمانکاتدا خاوەنی زمانێکی ستانداردی کوردی یان شێوەی ڕێنووسی هاوبەش نین. هەبوونی زمانێکی ستانداردی کوردی بۆ پاراستن، گەشەدان و پێشکەوتنی زمان و وێژەی (ئەدبیات) کوردی نەک هەر گرنگی خۆی هەیە بەڵکوو شتێکی پێویستیشە. زمانی ستاندارد هۆکاری دروست بوونی هۆشیاری نەتەوەییە، بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان و هەر ئامانجێکی تری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری کە پێویستمان پێیەتی.
زمان تەنیا هۆکاری دەربڕین نییە بەڵکوو دروستکەری ناسنامەی مرۆڤە و بنەمای بوونی نەتەوە و میللەتە. زمان بەشێکە لە شوناس و کولتوری نەتەوەیەک. یان دەتوانین بڵێین زمان پێناسەی ژیانی مرۆڤ دەکات و ئامراز و هۆکاری پێکهێنانی پێوەندییە لە گەڵ دەوروبەر و ژینگە (زمان ئامرازی پێوەندی نێوان مرۆڤ و دونیایە) و هەروەها کلیلی کردنەوەی دەروازەکانی چوونە ژوورەوەی دونیای نەتەوەکانی دیکەیە.
ئەوەندەی من ئاگادار بم تا ئێستاش کە ئەو دێڕانە دەنووسم بە شێوەیەکی پێویست نە گروپێک و نە بارودۆخێکی گونجاو بۆ کارکردن لەسەر زمانی ستانداردی کوردی بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان پێک نەهاتووە.

## بۆچی قۆناغی داهاتووی کوردستان، ئامانج چییە؟

ئەگەر بە وردی بڕوانینە کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەت لە ڕوانگەی دەروونناسی و کۆمەڵناسییەوە دەتوانین بڵێین تووشی شک و گومان و تەنانەت سەرلێشێواویش دەبین. زۆربەی زۆری تاکەکانی کورد نازانن چیان دەوێت و ئەوانەش کە دەزانن چیان دەوێت لە کردەوەدا بە هەڵە هەنگاو هەڵدێننەوە و هەر بۆیەش ئەو ئامانجەی کە مەبەستیانە پێی ناگەن.




**وێنەی ١ ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون**

کۆمەڵگەی کوردیش هەر وەک کۆمەڵگەکانی دیکەی ئەم جیهانە چەندین ڕەهەند لەخۆ دەگرێت وەک: تاکی مرۆڤ، بنەماڵە، کەسوکار و دراوسێ (جیران)، کۆمەڵگە بەگشتی، سیستمی سیاسی، سیستمی پەروەردە و خوێندن، ئایین، کولتور و ئابووری. هەر کام لەوانە کاریگەریی لەسەر ئەوەی دیکە هەیە و هەمووشیان بە گشتی کاریگەری یان شوێندانەرییان لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە و هۆکاری دروست بوونی هەڵسوکەوت یان خووڕەوشتی تاکەکانن (بڕوانە وێنەی ٢).




**وێنەی ٢ ڕەهەندەکانی کۆمەڵگە**




وێنەی ٢ ڕەهەندەکانی کۆمەڵگە
کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی داگیرکراوە. داگیرکەرەکانیش بە شێوەیەک کاریگەرییان لەسەر ئێمە داناوە یان بە واتایەکی دیکە سیستمێکی سەقەتی پەروەردەییان بەسەر ئێمەدا داسەپاندووە کە هەردەم هەست بە لاوازی و کەمی بکەین. کاتێک ئەو هەستە لای مرۆڤ دروست بوو کەواتە باوەڕبەخۆبونیشی کەم دەبێت و خۆی بە مرۆڤی پلە دوو و سێ دەزانێت، ئەوانەش هەموو کاریگەرییان هەیە لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و بەرەوپێشچوون و داهێنان.
یەکێک لە وتە بەنرخەکانی «سوقڕات»، فەیلەسوفی یونانی کۆن کە بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی دادەنرێت دەڵێت: "من ناتوانم هیچ شتێک فێری تۆ کەم، تەنیا دەتوانم چەند پرسیارێکت لێ بکەم"
سەردەمی ژیانی سوقڕات سەردەمی پڕ لە نەهامەتی و شەڕ و ڕووخانی بەها سوننەتی و ئایینییەکان و دەسەڵاتی ڕامیاری بووە؛ بەڵام لە نێو ئەو هەموو قەیرانی هزری، ڕەوشتی، ئابووری و ڕامیارییەدا سوقڕات زۆر بوێرانە پرسیاری سەبارەت بە ڕامیاری، خوو و ڕەوشتی مرۆڤایەتی و باوەڕە ئایینییەکان دەکات. سوقڕات هەوڵی داوە لە ڕێگای پرسیارکردن، بیرکردنەوە بهەژێنێت بۆ دۆزینەوەی وڵامە ڕاستەکان.
سوقڕات پێی وابوو کاری مامۆستا یان ڕاهێنەرێکی باش ئەوەیە کە بە پرسیارکردن، تاکەکانی کۆمەڵگە وەئاگا بێنێ و ڕاستییەکانیان پێ بناسێنێ. لەو قسەیەی سوقڕات ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پرسیارکردن دەبێتە بنەمای گەڕان بە دوای زانین و تێگەیشتن. ئەوانەش هۆکارن بۆ بە ئامانج گەیشتن و هەبوونی ژیانێکی ئاسوودە و شکۆمەند چ ژیانی خۆیی یان کەسۆکی (شەخسی) و چ وەک ئەندامێکی ڕێکخراوەیی. ئەو پێی وابوو بۆ گەیشتن بەو مەبەستە و لەیەک جیاکردنەوەی چاکە و خراپە، مرۆڤ دەبێ زانا و خۆناس بێت.
کەواتە بە پرسیارکردن دەتوانین زۆرترین زانیاری لەسەر بابەتێک کە بەدوایدا دەگەڕێین بدۆزینەوە. ژیان پرۆسەیەکی سروشتییە، بەڵام پرۆسەی ژیانی تۆ چییە؟ بۆچی دەژی؟ چۆن دەژی (قۆناغی ئێستات)؟ دەتهەوێت لە داهاتوودا چۆن بژی (قۆناغی داهاتوت)؟ لە پرۆسەی سەفەری ژیانتدا دەتهەوێ چ بکەی؟ چ پرۆژەیەکت هەیە کە بۆت گرنگە و دەتهەوێ بەجێی بگەیەنی؟




**وێنەی ٣ ڕاهێنەری وەک مێتودێک بۆ فێربوون لە ڕێگای سێ پرسیاری بنەڕەتی.**
**لە قۆناغی ئێستادا چۆنین؟ لە داهاتوودا دەمانهەوێت چۆن بین؟ چۆن بە قۆناغی داهاتوو بگەین؟**

وێنەی ٣ ڕاهێنەری وەک مێتودێک بۆ فێربوون لە ڕێگای سێ پرسیاری بنەڕەتی. لە قۆناغی ئێستادا چۆنین؟ لە داهاتوودا دەمانهەوێت چۆن بین؟ چۆن بە قۆناغی داهاتوو بگەین؟
ئەو پرسیارانە زۆر وڵامی جیاوازیان هەیە و وڵامەکانیش لە مرۆڤێکرا بۆ مرۆڤێکی دیکە جیاوازە؛ بەڵام ئەگەر ئێمە بمانهەوێت بۆ وڵامی ئەو پرسیارانە پەنا بەرین بۆ بۆچوون و بیروکەی Martin Seligman مارتین سەلیگمەن، داهێنەر و دەروونناسی ئەمریکایی کەواتە وڵامەکەمان بە سەر سێ بەشدا دابەش دەبێت وەک:
١. فێر بە هەستەکانت ئەرێنی بن وەک:
کەیفخۆشی، شادی، گەشبینی، هەبوونی زەردەخەنە لە سەر لێوان، هەستی بەختەوەری و سەرکەوتن، بە شێوەی ئەرێنی بیرکردنەوە بە تایبەت لەسەر کەسانی تر یان لەگەڵ کەسانی تر.
وا بکە هەموو کاتێک زەردەخەنەت لەسەر لێوان بێت، زەردەخەنە وەک کلیلی کردنەوەی دەرگای شادی و خۆشییە و هەر وەک نووسەر و سیاسەتمەداری بەناوبانگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا «بێنیامین فرانکلین» (Benjamin Franklin) دەڵێت: ‹‹بە زەردەخەنەیەک هەموو دەرگاکان بە ڕووی مرۆڤدا دەکرێنەوە.››
هەر لەو پێوەندییەدا «لیلیان جاکسۆن براون» (Lilian Jackson Braun) نووسەری بەناوبانگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دەڵێت: ‹‹تووڕەیی بە زەردەخەنە بگۆڕەوە (یانی بەردەوام با زەردەخەنەت لەسەر لێوان بێت) و هەموو کاتێک وا بکە بە شتە بچوکەکانیش دڵت خۆش بێت، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو کاتێک شاد و دڵخۆش بیت». هەروەها دەڵێت: «لە بیرت نەچێت کە ژیان ماوەیەکی زۆر کورت و جوانە و بێ ئەوەی ئاگات لێ بێت کۆتایی دێت.››
کەواتە وا باشە بە دڵخۆشی و زەردەخەنەوە چێژ لە ژیان وەرگرین و ئەوەندە بە شتی بێ مایەوە خۆمان ماندوو نەکەین.
٢. هەوڵی فێربوون و ئەزموون وەرگرتن بدە چ لە ڕێگای یارمەتیدان بە کەسانی تر یان لە ڕێگای کارێکی دیکە کە جیاواز لە کاری ڕۆژانەتە.
«ئەلبێرت ئەنشتاین» (Albert Einstein) (١٨٧٩ -١٩٥٥)، فیزیکزان و زانای بەناوبانگی ئاڵمانی دەڵێت: ‹‹ فێربوون بنەمایە بۆ سەرکەوتن و هەروەها ئەگەر دەتهەوێت لە هەر کارێکدا سەرکەوتوو بی دەبێ لە سەرەتاوە بنەماکانی کارکردن فێر بیت.››
لە سەر ئەزموون وەرگرتنیش دەڵێت: ‹‹ ئەزموون وەرگرتن لە فێربوونی شتی نوێ و دەسکەوتنی زانیاری تازە کە پێشتر نەتبوبێت، ئەوانە هۆکارن بۆ ئەوەی دوای ماوەیەک ببی بە کەسێکی پسپۆڕ و شارەزا.››
٣. هەوڵی بردنە سەری زانیاری و لێهاتوویی خۆت بدە، بەرپرسایەتی وەرگرە و هەوڵ بدە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و باڵادەستی. سێ سەرچاوەی دەسەڵات:
a. زانیاری
b. سامان و دارایی
c. زۆر (هێز)

# دیاکۆ خەیات:
# بێجگە لە ئەوەی کە لە پانتایی ڕاستەقینەدا بەهای تەقریبەن هەموو شتومەک و خزمەتگوزارییەک بەستراوەییەکی بەهێزی لەگەڵ بەهای بێنزین هەیە، بە شێوەی ڕەوانی و سایکۆلۆژیکیشەوە بەرزبوونەوەی بەهای بێنزین چاوەڕوانیی هەڵاوسان زیاد دەکات و لە ئاکامدا هەڵاوسانی گەورە بەدوای خۆیدا دێنێت

**دیمانە: ڕەحمان سەلیمی**



ڕۆژی هەینی ٢٤ی خەزەڵوەر، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دوای ماوەیەک مشتومڕ بۆ دیاریکردنی نرخی سووتەمەنی، بەفەرمی نرخی بێنزینی گران کرد. پاش ڕاگەیاندنی بەرزبوونەوەی نرخی بێنزین لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، لە ڕۆژی ٢٤ی خەزەڵوەرەوە خەڵکی شار و ناوچە جیاجیاکانی ئێران و کوردستان لە نارەزایەتی بەم بڕیارە بە ڕاگرتنی ئۆتۆمبیلەکانیان، داخستنی شەقام و جاددەکان، ڕق و کینەی خۆیان بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران و سیاسەتەکانی دەربڕیوە و هەتا ئێستا بەردەوامە. لەمبارەوە لەگەڵ «دیاکۆ خەیات»، کارناسی کاروباری ئابووریی ئێران و چالاکی سیاسی وتووێژێکمان پێک هێنا و ئەم بابەتەمان خستە بەر باس.

## گرانبوونی نرخی بێنزین لە ئێراندا پاساوێکی ئابووری هەیە؟

پاساوی ئابووری لە ڕوانگەی بێ لایەنانە شتێکە و لە ڕوانگەی دەوڵەتی فەشەلی کۆماری ئیسلامییەوە شتێکی دیکەیە. لە ڕوانگەی زانستی ئابوورییەوە هەتا ئەو کاتەی پێکهاتەی ئابووریی ئێران لە ڕووی نەهادییەوە بەو شێوەیەی ئێستا بێت هیچ سیاسەتێکی ئابووری لە ئێراندا ناتوانێت جێگەی دیفاع بێت. کاتێک باسی پێکهاتە دەکەین قسە لەو نەهاد و میکانیزم و ژێرخان و میتۆدانە دەکەین کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کارتێکەرییان لە سەر بڕیاراتی ئابووریی دەوڵەت، بانکی ناوەندی، پارلەمان، کەرتی تایبەت و ڕەفتاری ئابووریی خەڵک و ڕوانگە و چاوەڕوانییەکانیان هەیە. بۆ وێنە لە ئێراندا بەپێچەوانەی ئەو شتەی کە لە زانستی ئابووریدا جەختی لە سەر دەکرێت بانکی ناوەندی سەر بە دەوڵەتە؛ دەوڵەتێک کە تەنانەت خۆیشی سەربەخۆ نییە و تابعی بڕیاراتی وەلی فەقیە و بەیتی ڕێبەرییە. یان وەک نموونەیەکی دیکە کە زۆر جار ئاماژەی پێ دەکرێت کەرتی تایبەت و بەستێنی چالاکی ئابووریی کۆمپانیا تایبەتەکانە. لە ئێراندا بە پێچەوانەی هەموو دونیا کەرتی تایبەت بە هۆی زاڵ بوونی دەزگا سەربازی و ئایینییەکان وەک سوپای تیرۆریستی پاسداران و «ئاستانی قودسی ڕەزەوی» و بەیتی خامنەیی و بونیادی بەناو موستەزعەفان و دەیان شوێنی زەبەلاحی دەسەڵاتدار کە وڵامدەری هیچ ناوەند و جێگەیەک نین لەمێژە خنکاوە و نێژراوە. ئابووریی ڕانتی کە کۆمەڵێک دەزگا و کەسایەتی نابەرپرس دەستیان بە سەردا گرتووە جێگەیەکیان بۆ ڕەقابەت و کەرتی تایبەت نەهێشتۆتەوە بۆیە ناکارامەیی لە هەموو بەشەکانی ئێراندا پەنگی خواردووە و کەڵەکە بووە. جا دەیان نموونەی دیکە هەن کە دەیسەلمێنن پێکهاتەی ئابووریی ئێران زۆر ناساغ و گەندەڵە. واتائەو بینایە لە بنەڕەتڕا ئەوەندە سەقەت و خوار هەیە کە هیچ سیاسەتێکی ئابووری نەتوانێت تێیدا بچێتە پێش. بەگشتی پێکهاتەی ئابووریی ئێران وەک پێکهاتە سیاسییەکەی ڕیفۆرمهەڵگر نییە مەگەر ئەوەی کە پێکهاتە سیاسییەکەی بگۆڕدرێت و میکانیزمەکانی دەسەڵات دێموکراتیک و شەفاف و وڵامدەر بکرێن، کە ئەوەش تەنیا بە ڕوخانی کۆماری ئیسلامی دێتە ئاراوە؛ بەڵام بێینەوە سەر بابەتی پرسیارەکەتان. با بزانین کە ئەساسەن بۆچی بێنزینیان گران کرد؟ گران کردنی بێنزین نەک بە مەبەستی ئیسلاح و چاکسازی ئابووری، بەڵکوو بۆ قەرەبووکردنەوەی کورتهێنانی بودجە بوو؛ هەروەک وتەبێژی دەوڵەتی رووحانی و چەند بەناو نوێنەری مەجلیسیش ئاماژەیان پێکرد. ئەوەش لە دوای ئەوەڕا هات کە بەهۆی گەمارۆکان، هەناردەکردنی نەوتی ئێران تووشی دابەزینێکی بەرچاو بوو و دەوڵەت بە سەر قەیرانی قوڵی داهاتدا کەوت. بە جۆرێک کە تەنانەت بۆ هەزینە جارییەکانی-_وەک حقوق و خەرجی ڕۆژانە_ لە تەنگانە کەوت. هەروەها بە هۆی نەبوونی هیچ دەراوێکی ڕوون بەنیسبەت لابردنی گەمارۆکان، کە هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خامنەیی و بەیتەکەی، دەوڵەت بانگەشەی ‹بودجەی بێ نەوت»ی بۆ ساڵی داهاتوو کرد. بۆ ئەم مەبەستەش ویستی بە گرانکردنی سەرچاوەکانی وزە_ یەک لەوان بێنزین_ شوێنی داهاتی نەوت پڕ بکاتەوە. ئەوەش زیاد بکەم کە ئەوەی کە لێرەدا جێگەی سرنجە ئەوەیە کە بەشێکی گەورە لە بودجەی ئێران بۆ تێچووەکانی سپای تیرۆریستی پاسداران و سپای قودسە. ئەو تێچووانە بە هۆی گوشاری خامنەیی و بەیتەکەی، نەتەنیا کەم ناکرێنەوە بەڵکوو ساڵ لەگەڵ ساڵ زیادی کردووە. بۆیە دەوڵەتی ڕوحانی چەند ساڵە لەگەڵ کورتهێنانی بودجە ڕووبەڕوویە و هەموو ساڵێ پەنا بۆ چاپی پوڵ دەبات و لە ئاکامدا هەڵاوسانی بە سەر خەڵکدا سەپاندووە. بۆیە لە بنەڕەتدا، بردنە سەرێی بەهای بێنزین نامەشروع و نازانستییە و هیچ پاساوێکی ئابووری نییە.

## حەسەن ڕووحانی وتبووی کە ئەو داهاتەی کە لە بەرزکردنی نرخی بێنزین بەدەستمان دەگات لە نێوان خەڵکی هەژاردا دابەشی دەکەین؛ ئەمە چەندە لە بەرژەوەندی خەڵکدایە؟

ئەوە قسەیەکی بەپەلەی ڕووحانی بوو تەنیا بە مەبەستی فریودانی خەڵک و هێورکردنەوەی دۆخەکە کردی. دەنا هیچ پلانێکی لەو چەشنە لە گۆڕێدا نەبووە. خۆ ئەگەریش بیانهەوێ شتی وا بکەن ئەوە هەر زۆر بێ مانا و هەڵە و بە زیانی خەڵکە. چونکە وەها یارانەیەک کە ناتوانێت مانگانە لە ٢٥ هەزار هەتا ٤٠ هەزار تمەن بۆ هەر تاکێک زیاتر بێت هیچ یارمەتییەک بەو خەڵکە ناکات کە لە داهاتوودا بە هۆی کاریگەری نرخی بێنزین لە سەر بەهای هەموو کەلوپەلەکانی تر، لەگەڵ هەڵاوسانێکی زۆر لە ڕابردوو زیاتر ڕووبەڕوو دەبنەوە. هەڵاوسانێک کە هەر ئێستا توانای کڕینی خەڵکی کردووەتە یەک لە سەر سێ؛ کەوابێت ئەگەرچی ڕەنگە بەڕواڵەت هەڵخەڵەتێنەر بێت و هەندێک کەس پێی کەیفخۆش بن بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆر بە زیانی خەڵک تەواو دەبێت.

## گرانبوونی نرخی بێنزین چ کاریگەرییەک لە سەر ژیانی خەڵک دادەنێت؟

هەروەک لە وڵامی پرسیارەکەی پێشوودا ئاماژەم پێ کرد بێنزین کاڵایەکی نێونجی ستراتیژیکە کە هیچ جێگرەوەیەکی تا ئێستا نییە لە ئێراندا. بێجگە لە ئەوەی کە لە پانتایی ڕاستەقینەدا بەهای تەقریبەن هەموو شتومەک و خزمەتگوزارییەک بەستراوەییەکی بەهێزی لەگەڵ بەهای بێنزین هەیە، بە شێوەی ڕەوانی و سایکۆلۆژیکیشەوە بەرزبوونەوەی بەهای بێنزین چاوەڕوانی هەڵاوسان زیاد دەکات و لە ئاکامدا هەڵاوسانی گەورە بەدوای خۆیدا دێنێت. بە تایبەت ئەگەر بەرزبوونەوەکە بەو شێوەیەی ئێستا بێت کە سێ قات بووە.

هەڵاوسانیش هەموومان دەزانین کە بە مانای لە دەست دانی توانای کڕینی خەڵک و چکۆلە بوونەوەی گیرفانیانە، بەڵام کامە توانای کڕین و کامە گیرفان؟ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەتی دوای بەرزبوونەوەی نرخی دراوە بیانییەکان(دۆلار و یۆرۆ) بە هۆی هەڵاوسانی هەوسارپساو و قەیراناوی، توانای کڕینی خەڵک بە تەواوی لاواز بووە و گیرفانیان بەتاڵ بووە. کەوابێت ئاقاری ڕەوتەکە بە تەواوی بە زیانی خەڵک و بژێوی ژیانیانە.

## ئایا بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران بە گرانکردنی نرخی بێنزین، کاردانەوەی خەڵکیان لە بەرچاو گرتبوو؟

چاو لێبکەن، ئەو ڕێژیمە لە مێژە لەگەڵ قەیرانی ئابووری و سیاسی بەرەوڕوویە، بۆیە ئەگەر جاران بە هەر فێڵ و جادوویەک بوو‌بێت سەرپۆشی لە سەر دادەنان ئێستا بە هۆی پاڵەپەستۆ بوونی قەیرانەکان چارەیەکی نەبوو بێجگە لەوەیکە ئەو ڕیسکە بکات. دیارە ئەوان بە دڵنیاییەوە ئیعتراز و دەنگهەڵبڕینی خەڵکیان پێشبینی کردبوو. ڕێژیم بۆ کورتهێنانی بودجەی ئەمساڵ و ساڵانی داهاتوو لانیکەم پەنج ڕێگەی لە پێش بوو: یەکەمیان وازهێنان لە دوژمنایەتی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و تەسلیم بونیان بوو کە ئەمەیان لە لایەن دارودەستەی خامنەیی و سپا و چەتەکانی سەر بە وەلی فەقیە ڕەت دەکرایەوە، دووهەمیان قرتاندن یان کەمکردنەوەی بودجەی سپای تیرۆریستی پاسداران و سپای قودس بووە کە ئەوە پێوەندی بە هاوسەنگی ستراتیژیکی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست و مەوقعییەتی ڕێژیم لەو گۆڕەپانەدا هەیە و ڕێژیم بۆ مانەوەی خۆی پێویستی حەیاتی بە ئاژاوەگێڕان و هاندانی گروپە تیرۆریستییەکانی ناوچە هەیە کەواتە ئەوەش نەدەکرا، بژاردەی سێهەم چاپ کردنی زیاتری پوڵ بوو کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە هەر ئێستاش بەشێکی زۆر لە بودجە بەو شێوازە دابین دەکەن و لە ترسی هەڵاوسانی هەزار لەسەدی لەوە زیاتر نەدەکرا پەنا بۆ چاپی پوڵ ببەن ئەو بژاردەیەش ڕەت کرایەوە. ڕێگەی چوارەم، ڕاگەیاندنی ئیفلاسی دەوڵەت و دەست لە کارکێشانەوەی ڕوحانی بوو کە بە هۆکاری ئەمنییەتی پڕتێچوو و مەترسیدار بوو بۆ مانەوەی ڕێژیم بەڵام ڕێکاری پێنجەم، گران کردنی نرخی بێنزین بوو کە لەگەڵ ئەوەی نارەزایەتی خەڵکیان لەو پێوەندییەدا پێشبینی دەکرد بەڵام بە هۆی ئەزموونی ڕابردوو لە ساڵی ٩٦ و باوەڕ بە هێزی سەرکوتکەر، بە بژاردەیەکی کەمتێچووتریان زانیوە. لێرەدا تێڕادیتوویی ڕێژیم بە توانای سەرکوتکردنی خۆی پاڕامێترێکی گرینگ بووە لە هەڵبژاردنی ئەو شێوازە لە قەرەبووکردنەوەی کورتهێنانی بودجە واتە ڕێژیم پێی وابووە کە توانای سەرکوتی خەڵکی ناڕازی هەیە و وێدەچێت پلانیشی بۆ دانابووبێت.

## سەرەڕای ئەوەیکە ڕێبەری ڕێژیمی ئێران لەسەر بڕیاری گرانبوونی نرخی بێنزین داکۆکی کردووە ئایا نارەزایەتی دەربڕینەکانی خەڵک پاشەکشە بە ڕێژیم دەکات؟

ڕێژیم ناچار بوو بۆ دەربازبوون لە قەیرانی کورتهێنانی بودجە یەکێک لەو ڕێکارانە هەڵبژێرێت، بۆیە ئێستا پاشگەزبوونەوە لەو بڕیارە، دەبێت دوای دیتنەوەی ڕێگایەکی دیکە بێت بۆ ئەو قەیرانە. وێناچێت ڕێگەیەکی دیکەیان هەبێت مەگەر ئەوەی کە مانەوەی ڕێژیمەکەیان بە جیددی بکەوێتە مەترسییەوە و پەنا ببەنە بەر کەمکردنەوەی بودجەی بەشە بنەڕەتییەکان و چاپی زیاتری پوڵ کە ئەویش هەڵاوسانی سەرووی ٢٠٠ لە سەدی و بێکاری بێوێنەی خەڵک بەرهەم دێنێت.

## ڕێژیمی ئێران لە ڕێگای سەرکوت و هەڕەشە دەتوانێت خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بێدەنگ ڕابگرێت؟

دیارە سەرکوت و چاوترسێنکردنی خەڵکی ناڕازی بۆتە یەکێک لە پێناسەکانی کۆماری ئیسلامی و بەردەوام وەک ڕێگەی دەربازبوون لە قەیرانەکان لە کاریان کردووە. ئەو نارەزایەتییانەی ئێستای خەڵک، پاڵەپەستۆی دەیان ساڵ ڕەنج و سەرکوتکرانی لە پشتە؛ بۆیە گران کردنی نرخی بێنزین وەک بێنزینێک وابوو کە بە سەر ئاگری تووڕەیی پەنگخواردووی خەڵکدا کرا. ڕاستە ڕێژیم ئێستاش پوتانسییەلی سەرکوت کردنی ماوە، بەڵام بەردەوامی ئەو پوتانسییەڵە بەستراوەتەوە بە درێژەکێشانی نارەزایەتییەکان و جیددی بوونی خەڵک لە سەر داوا ڕەواکانیان. بە دڵنیاییەوە لە درێژخایەندا، هیچ ڕێژیمێک نەیتوانیوە بە زەبری سەرکوت، هەتا هەتایە لە سەر کار بمێنێتەوە. کۆماری ئیسلامیش وەک هەموو ڕێژیمە نامەشروع و نادێموکراتیکەکانی دیکە ناتوانێ هەتا هەتایە بە سەرکوت و چاوترسێن کردن، دەنگی خەڵک کپ بکات. قەیرانی ئێستا بەرهەمی چل ساڵ مودیرییەتی ناکارامەد و دزی و گەندەڵی و ئاژاوەگێڕی ئەو ڕێژیمەیە. دەربازبوون لەو قەیرانە، ئیدی بۆتە شتێکی نامومکین. تا ئێستاش بۆ کارناسانی ئابوری و کۆمەڵناسی جێگەی سەرسوڕمان بوو کە چۆن ئەو ڕێژیمە بەو هەمووە قەیرانەوە دەتوانێت هەر حکوومەت بکات. من دڵنیام کە ڕێژیم چیتر توانایی ئیدارەی وڵاتی نەماوە و دوو ڕێگەی زیاتری لە پێش نییە؛ یان تەسلیمی خواستی بەرحەقی خەڵک بێت و پەیامی ڕاستەقینەی خەڵک کە ڕوخان و نەمانی ئەو ڕژێمەیە ببیسێت یان ئولگوی کۆریای باکور لە پێش بگرێت کە بە باوەڕی من بۆیان ناگونجێت.

## لە ڕەوتی نارەزایەتییەکاندا، دەیان کەس لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە کوژراون و بریندار بوون، هەڵوێستی وڵاتان لە بەرامبەر ئەم توندوتیژییانەدا چ دەبێت؟

بەداخەوە وڵاتانی دەرەوە، بە تایبەت وڵاتانی ئورووپایی، بەو جۆرەی کە پێویستە پشتگیری خەڵکی ئێران ناکەن. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە زۆربەی ئەو وڵاتانە تەعامول لەگەڵ کۆماری ئیسلامییەکی تۆزێک نەرمتر تەرجیح دەدەن بە سەر ڕوخانی ئەو ڕێژیمە و ئەو نادڵنیاییەی کە بە دوایدا دێت. بۆ ئەوان کەشی دڵنیایی گرینگییەکی زۆری هەیە. بەتایبەتی کە سیاسەتی دەرەوەی زۆربەی هەرە زۆریان تەنیا لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی ئابووریی خۆیان دادەڕێژرێت. لەگەڵ ئەوەش هەندێک وڵاتی دیکە وەک ئەمریکا و کانادا هەوڵ دەدەن پشتیوانی خەڵک بن. بەگشتی پشتیوانییەکان لە ئاستی قسە و سەرکۆنەکردن تێناپەڕێن، مەگەر ئەوەی کە خۆپیشاندانەکان لە ئامانجی خۆیان کە ڕوخاندنی ڕێژیمە زۆر نزیک ببنەوە و ڕووخانی ڕێژیم ببێتە ئەگەرێکی زۆر نزیک. بەڵام لە سەر یەک، خەڵکی کوردستان و ئێران تەنیا بە پشت بەستن بە خۆیان و بە ئیرادەی خۆیان دەتوانن داهاتوویەکی باشتر بۆ خۆیان دەستنیشان بکەن. هەرچەند لەو پێناوەشدا ڕێژیمی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامی تێچوویەکی زۆریان بە سەردا دەسەپێنێت.

> **دیارە سەرکوت و چاوترسێنکردنی خەڵکی ناڕازی بۆتە یەکێک لە پێناسەکانی کۆماری ئیسلامی و بەردەوام وەک ڕێگەی دەربازبوون لە قەیرانەکان لە کاریان کردووە. ئەو نارەزایەتییانەی ئێستای خەڵک، پاڵەپەستۆی دەیان ساڵ ڕەنج و سەرکوتکرانی لە پشتە؛ بۆیە گران کردنی نرخی بێنزین وەک بێنزینێک وابوو کە بە سەر ئاگری تووڕەیی پەنگخواردووی خەڵکدا کرا.**

## لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە

# دیمانەیەک لەگەڵ «شنۆ چایچی»، پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

وتووێژ: بێهزاد قادری

ئەی پێشمەرگە! من و تۆ لە یەک کانی هەڵقوڵاین، منم دارێژەری وشە و تۆیش خوڵقێنەری حەماسە. منم وێنەگری ئەو دیمەنانەی شاخ لە ئامێزی گرتووە و تۆ خودی ئەو دیمەنانەیت وا شاخ بە ئاواتیەتی. ئەی شۆڕشگێڕی دێموکرات! لە ڕۆح سووکیدا باویلکە چاوچنۆکیت پێدەکات و لە بەرزیدا چیا. شەقام چیدی خۆڕاگر نییە و هەنگاوەکانتی دەوێت! ئەویش چاوچنۆکی بە شاخ دەکات. پەیامێکە لە شار: «چیدی نامانەوێت چاومان بکەینەوە و ڕۆژە نارۆونەکان ببینین. نامانەوێت لە پشت پەردەوە سروود بچرپێنین. نامانەوێت مەرگی وشەکان ببینین. نامانەوێت سەمای مێزەرە ببینین و نامانەوێت... کانی بە ئێوەوە ڕووتەنکە و پەنجەرە بە ئێوەوە ڕووخۆش. وەرن و ئەی ڕەقیب بکەن بە وێردی سەر زمانی شەقامەکان». ئەمجار شاعیرانە و بە دەم بزەی وشە چەک هەڵگرەکانەوە، دەڕۆینە دەمەوپیریی وشەکانی کچە پێشمەرگەیەک بە ناوی «شنۆ چایچی»یەوە کە لە چیا سەرکەشەکانەوە لە ئاسۆی وڵاتەکەی دەڕوانێت:

- بەر لەوەی بێیتە ڕیزی شۆڕشەوە، هەست و بیر و باوەڕت سەبارەت بە کوردستان و پێشمەرگە چۆن بوو؟

هەر تاکێک ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازی سەبارەت بە داتا و دەوروبەری خۆی هەیە؛ من لە سەردەمی منداڵیدا چ وەک کچ و چ وەک تاک، لە بیری خۆمدا ئەو ڕوانگەیەم بە پێشمەرگە هەبوو کە پێشمەرگە ئەو ڕۆڵە ئازا و قارەمان و کۆڵنەدەرەیە کە گیانی خۆی دەکات بە قەڵغانێک لە بەرامبەر فیشەک و توندوتیژیی دوژمندا و هەروەها هەڵمەتبەرێکە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و وەرگرتنی مافە ڕەواکانی. پێشمەرگە لە پێناوی نیشتماندا و بۆ ساتێک پێکەنینی لاوانی گەل و هەروەها بۆ حەساندنەوەی پیرانی وڵات گیانی خۆی بەخت دەکات. دەموت پێشمەرگە ژیانی خۆی بۆ گرینگ نییە و هەردەم ئامادەی گیانبازییە. دەموت پێشمەرگە لە چیا و شاخدا و لە بن بەردا شەو و ڕۆژ بەسەر دەبات و لە ڕۆژی تەنگانەدا شێری مەیدانە و دوژمنبەزێنە. سەرەڕای ئەوەی کە منداڵ و کەم تەمەن بووم، بەڵام هەستم بەوەی دەکرد کە من لە لایەن کەسانێکەوە خەریکە دەچەوسێمەوە و دەیانهەوێت من لەنێو فەرهەنگ و زمان و دابونەریتێکی دیکەدا بتوێننەوە. تەنانەت نەمدەتوانی بە ئازادی قسە بکەم و بیر و بۆچوونی خۆم دەرببڕم. هەستم بەوەی دەکرد کە دایکێکی گەورەم هەیە و ئەویش وڵاتم کوردستانە، بۆیە هەستم بە بەرپرسیاریەتی دەکرد و بە خۆم دەوت کە ئەرکت لەسەرشانە و دەبێ بۆ ئازادی و یەکگرتوویی تێبکۆشی.

- ئێستا کە خۆت پێشمەرگەیت، چ هەستێکت هەیە و هەستت بۆ کوردستان چۆنە؟

ئێستا کە لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدام، هەست بەوەی دەکەم کە گەلێک چاوی لێمە و هەر ئەو ڕوانگەیەی کە من لە ڕابردوودا بە پێشمەرگەم هەبووە، ئێستایش خەڵک سەبارەت بە من و هاوسەنگەرەکانم وەها ڕوانگەیەکیان هەیە. من کە لێرەم وەکوو کوردێک خۆم بە پشتیوانی خەڵکەکەم دەزانم و هەروەها هەست و بیری نەتەوایەتیشم قووڵتر لە جارانە. لێرەم بۆ ئەوەی کە ڕێبازی ڕێبەری لەسێدارەدراومان پێشەوا قازی محەممەد و هەروەها ڕێگای دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیی نەمرمان درێژە پێ بدەم و ئەرکەکەم لە بەرامبەر گەل و وڵاتمدا بەجێ بگەیەنم و گەلەکەم لە کوردستانێکی ئازاددا ببینم و ببین بە خاوەن ئەو مافانەی کە چەندین دەیەیە خەباتی بۆ دەکەین و بە هەزاران شەهیدمان لەو ڕێگایەدا پێشکەش بە خاک کردووە.

- هەر کام لەم وشانە (نیشتمان، پێشمەرگە و ڕاسان) لە ڕوانگەی خۆتەوە پێناسە بکە:

«نیشتمان»ـی من هەزاران ڕۆڵەی بەجەرگی لێ لەدایک بووە، بۆ بست بە بستی خوێن ڕژاوە، فرمێسکی دایکانی لەسەر ڕژاوە و ئاڵای کۆماری لێ هەڵدراوە... نیشتمانی من لە دارستانیەوە بگرە تاکوو شاخ و داخەکەی، پێشمەرگەی لێ ژیاوە. نیشتمانی من بۆیە وا گەورەیە، چونکە خەبات بۆ دێموکراسی و ڕزگاریی تێدا کراوە و خۆی نیشانی جیهان داوە. «پێشمەرگە» پشتیوانی هەرەگرینگی خەڵکە لە شاخ؛ باسکی بەهێزی گەلە و پێشڕەو و پێشەنگی کۆمەڵگەی کوردەوارییە. پێشمەرگایەتی بەرزترین لووتکەی شەرافەتە. «ڕاسان» جۆش و خرۆشێکی تایبەتی خستە نێو کۆمەڵگەوە و مەیلی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و پرسیاری ئەوەی کە «من کێم و مافم چییە؟»ی دووبارە لای تاکی کۆمەڵگە وروژاندەوە. ڕاسان، زیندووبوونەوە و هەستانەوەی دووبارەی گەلی کوردە و بۆ دوژمن وەک دڕک و لەنێو چاویاندا بە ئازارە.

- گەورەترین ئاواتی ژیانت چییە و بۆچی ئەو ئاواتە، گەورەترین ئاواتی ژیانتە؟

گەورەترین ئاواتی ژیانم، ژیان بەسەربردن لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆیە، چونکە ئێمە وەکوو گەلێکی زوڵملێکراو و هەروەها داگیرکراو لە لایەن دوژمنێکی دڕندەی وەک ڕێژیمی ئیسلامی، دوای چەندین ساڵ خەبات و تێکۆشان، مافی ڕەوای خۆمانە کە لە وڵاتێکی سەربەخۆدا بژین و گەلەکەمان لە سێبەری ئاڵای کوردستاندا بحەسێتەوە.

- بە بۆچوونی تۆ، چ شتێک دەتوانێت واتا بە ژیانی مرۆڤی کورد ببەخشێت؟

بۆ هەر مرۆڤێک، شەرافەت کۆڵەکەی سەرەکیی مرۆڤبوونە. هەست و بیری نەتەوایەتیی پتەو بێت و لە بەرامبەر داگیرکەران و فاشیستان سەرشۆڕ نەبێت و خەبات بکات و بۆ ئامانجی گەلەکەی تێبکۆشێت.

- وەک پێشمەرگەیەک، چ قسەیەکت بۆ هاووڵاتییانت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە؟

داوایان لێ دەکەم چیدی زوڵم و زۆر لەو ڕێژیمە کۆنەپەرستەیە قەبووڵ نەکەن و گەر پێتان دەکرێت بە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستانەوە پەیوەست ببن و ببن بە یەکێک لە ڕاسانییانی ڕۆژهەڵات. هەروەها داوا لە کچان و ژنانی وڵاتەکەم دەکەم کە لەسەر مافە ڕەواکانی خۆیان کە سەرەتاییترین مافەکانی هەر ژنێکە وەجواب بێن و هیچکات بێدەنگ نەبن و هەروەها گەر بۆیان دەکرێت بێن و شان بە شانی ئێمە پێشمەرگەکانی کوردستان چەکی شەرەف لە شان بکەن. هەروەها داوا لە خەڵکی بەشەرەفی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەم کە پشتیوانییەکانیان لە هێزی پێشمەرگە پتەوتر بکەنەوە. داوام لە خوێندکارانیش ئەوەیە کە کوێرکوێرانە سیاسەتی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرە نەگرنە بەر و دەنگی گەلەکەی خۆیان بن.

- وەک شۆڕشگێڕێک، چ وتەیەکت بۆ هاوسەنگەر و هاوڕێ پێشمەرگەکانت هەیە؟

داوایان لێ دەکەم کە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی چۆڵ نەکەن و سەنگەری کورد بەرینتر و قایمتر لە ڕابردوو بکەن. هەروەها هەڵسوکەوتێکیان هەبێت کە بەڕاستی شایانی پێشمەرگەیەکە و بچووکترین کار کە زەبر لە پرەنسیپی حیزب بدات، ئەنجام نەدەن.

- وەک نیشتمانپەروەرێک، چ پەیامێکت بۆ خۆفرۆشان و خائینانی خاک و گەل هەیە؟

پێم خۆشە بۆ ئەم بەشە، بەشێک لە هۆنراوەیەکی خۆم بڵێم: «ئەی عەقڵ کەشکی نامووس لە چۆک! تا کەی خۆت دەفرۆشی ئەی نیشتمانفرۆش؟ کوڕە مەهێڵە عەجەمێک بتکرێت، براکوژیت پێ بکات و بتبڕێت. بگەڕێوە بەرەو نیشتمان، بەرەو نەتەوەت، بەرەو ڕاسان».

- ئەگەر کوردستان ئازاد بکرێت و بگەڕێیتەوە کوردستان، چ بەرنامەیەکت بۆ ژیانت هەیە؟

سەرەڕای ئەوەی کە پێشمەرگایەتیم درێژە پێ دەدەم، پێم خۆشە درێژە بە کاری پسپۆڕیی خۆم کە وەرزشە بدەم و لە ئاستی وڵات و جیهانیدا دەربکەوم و لە داهاتوودا ببم بە یەکێک لە مامۆستایانی نیزامی و شانازیی پەروەردەکردنی هێزی پێشمەرگەم بەنەسیب ببێت.



# بەرەو هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز

کەیوان دروودی

لە پۆلێنبەندییەکی تایبەتی سیستمە سیاسییەکاندا کە لە ڕەهەندی کارلێککەرییەوە دەپرژێتە سەر چۆنیەتیی پەیوەندیی دەسەڵات و خەڵک، سێ جۆر دەستەبەندیی سەرەکی هەیە کە بریتییە لە یەک: تاکلایەنە، دوو: دوولایەنە و سێ: بە ڕواڵەت دوولایەنە و لەڕاستیدا تاکلایەنە. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران وەکوو دەسەڵاتێک کە بە ڕواڵەت پارلەمانی هەیە و هەڵبژاردنی ئەم پارلەمانە و هەروەها هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمار و نوێنەرانی مەجلیسی خیبرەگان بەڕێوە دەبات، لە کاکڵی خۆیدا لە جۆری سێهەمی پۆلێنبەندیی سەرەوەدا جێ دەگرێت. بەو واتایە کە بۆ وەرگرتنی ڕەوایی کۆمەڵایەتی و سیاسی، پشتی بە جۆرێک لە دەسەڵاتی دوولایەنە بەستووە کە تێیدا بە پەلکێشکردنی ئاپۆڕە، قەواخێکی ڕەوایی لەبەر ناوەڕۆکی ناڕەوای دەکات. هەڵبژاردن لە ئێراندا لەڕووی بنەما باوەکانی هەڵبژاردن و فەلسەفەی بنەڕەتیی کە «بەشداریی خەڵک»ـە، بەتەواوی چەوت و نارەسەنە، بەڵام بەدیویتردا و لە واقیعدا دەورێکی بەرچاوی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی وجوودیی نێوان ڕەوایی متافیزیکیی دەسەڵات و کاڵبوونەوەی خواستی کۆمەڵایەتیی خەڵک بووە. بەو واتایە کە دەسەڵاتی تاکلایەنەی «ویلایەت فەقیە»ی بەجۆرێک نیشان داوە کە گوایە بنەمای گەردوونیی بەشداریی خەڵک و ئیرادەی ئەوانی لەبەرچاو گرتووە و بەو بۆنەوە دەشێت دەسەڵاتێکی دوولایەنە ئەژمار بکرێ کە ڕێگە بە ئیرادەی کۆمەڵ دەدات و ئەوەش واتە دارشتنی سیاسەت لەو سیستەمەدا دەرەنجامی تەعامولی دەسەڵات و خەڵکە. گرینگیی هەڵبژاردن بۆ ڕێژیمی ئێران هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێشەکییەدا لێک دەدرێتەوە کە باسمان لێوە کرد. بێ ئەوەی ناڕەزایەتییەکانی دوابەدوای بڕیاری هەڵکشاندنی نرخی بێنزین لەبەرچاو بگرین، دەبێ چاو ببڕینە هەڵبژاردن و هەموو لێکدانەوەمان بۆ تێگەیشتن لە مەودای خەڵک و دەسەڵات لەم بڕگەیەدا و دوای سی ساڵ سەپاندنی حەزی عەلی خامنەیی بەسەر خەون و خولیای هەشتا میلیۆن خەڵکی ناو جوغرافیای ئێراندا، لەسەر ئەوە چڕ کەینەوە. لەڕاستیشدا گرانی و بژێوی لە دێموکراتیکترین وڵاتەکاندا کەڵکەڵەی خەڵکە هەر چرکە و ساتێ دەشێ چاوڕێی خۆپیشاندانی لەو جۆرە لە هەر وڵاتێکدا بین. ئەگەرچی پانتایی و قووڵایی ئەم قەیرانە لە ئێراندا زۆر جیاوازە، بەڵام دیسانەوە ئەوە مەترسییەکی گەورەیە بۆ بە هەڵەداچوونی لێکۆڵەر و شیکاری سیاسی کە ئەوە بکات بە پێوانەی بۆشایی هەقیقیی دەسەڵات و خەڵک. ئەگەر زۆر توندڕەوانە بۆی نەچین، لەم چل ساڵەی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ئێران بە نیوسەدەکەی پشکی پەهلەویەکانەوە، ئەوە یەک سەدەیە خەڵک لە داهاتی سەرسوڕهێنەری سەرچاوە سروشتییەکانی ئەم جوغرافیایە ئەوەندەی شیاویەتی پشکی بەرنەکەوتووە تا گەرەکمان بێ بڕیاری گرانیی بێنزین بکەین بە هێڵێکی جیاکەرەوەی نێوان یەک سەدە بەر لە ئەمڕۆ و لە ئەمڕۆ بەولاوە. وەکوو نووسەری ئەم دێڕانە لام وایە ئۆپوزیسیۆنی ئێران، ئەو بەختەی بە ڕێژیم داوە کە خەڵکانێکی ژێرچنگ بکەوێ کە لە دەرەنجامی بێبژاردەییدا پەنا بۆ هەڵبژاردنی بژاردەکانی ئەوان ببات. ئەگەر سەیری هەڵبژاردنی نێوان ڕەئیسی و ڕووحانی لە گەڕی پێشووی هەڵبژاردن بکەین، بەڕوونی و ئاشکرایی دەستەوەستانبوونی خەڵک دەبینین کە ناچارە لەبەر توندئاژۆیی کاراکتەری ڕەشی ڕەئیسی پەنا بۆ ڕواڵەتی سپیکراوی ڕۆحانی بەرێ. کێیە نەزانێ کە سەرکۆمار جێبەجێکاری ئۆرگانی سەرەوەی خۆی، واتە بەیتی ڕێبەری و دەستە و تاقمە ئەمنی و ئیتلاعاتییەکانی سەر بە عەلی خامنەییە. لێرە لە باسی نەتەوەکان خۆمان دەپارێزین و تەنیا ستراکچر و قەوارەی دەسەڵاتی ناوەند لەبەرچاو دەگرین و گەرەکمانە ئەوە بسەلمێنین کە ئەم ناوەندە بەدەر لەوەی وەڵامدەری فرەڕەنگیی ئێتنیسیتەکان نییە، بەڵکوو لە خۆیدا وەکوو دەسەڵاتێکی سنتراڵ گیانی ئەوەی تێدا نییە ڕێگە بە بەشداریی دەنگی جیاواز بدات.

لە دوای چل ساڵ، شیکار و لێکۆڵەری سیاسیی دەبێ ئەوە بە مافی خۆی بزانێ کە بۆ دەرچوون لەژێر تانەی بیری پۆپۆلیستی و خۆپارێزی لە سەرشۆڕیی بەردەم مێژوو، لە ئەگەری بەشداریی سەرەوەی پەنجا لە سەدیدا، ئەم دەسەڵاتە بە بەشێک لەوخەڵکە و ئەو خەڵکەش بە بەشدار لەوحوکمڕانییە بزانێت بەدەر لەوەی کە چەندە دێموکراتیک و ڕەوا و جێ‌پەسەندە. هەروا چاوەدێری سیاسی دەبێ بە ڕادیکاڵترین شێواز هەموو شانۆگەرییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەت پەهلەویستەکان ئەوەندەی کە پێویستە و هەیە قێزەون و چەقبەستوو نیشان بدات. ڕەوتێ کە ئێستەش بە دوودڵییەوە ناوی سپای پاسداران دەبات و پەنا بۆ هەموو وشە و دەستەواژەیەک دەبات تا خۆی لە بەکارهێنانی دەستەواژەی «سپای تێرۆریست» بەدوور بگرێ. لەڕاستیدا بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەمجارە، دەبێ شۆکێکی بەهۆشهێنەرەوە بێ بۆ هەمووان، بەتایبەتی ئەوانەی بڕوای ڕاستەقینەیان بە مافی مرۆڤ و بەها گەردوونییەکان هەیە کە چیتر خۆیان بەوەوە سەرقاڵ نەکەن دێموکراسی بوونێکی پێشوەختەی سواخدراوە کە دەستی مێژوو پێشکەشی دەکات. دێموکراسی پرۆسەیە و دروست و بوونێکی بزۆز و نەبڕاوەیە کە ئەگەر وا نەبوایە دەبوو ئێستە فەرانسە لە دوای نزیک بە دووسەد و پەنجا ساڵ لە شۆڕشی مەزن و ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئایینیی کەمینەوە، ئێستە هیچ کەڵکەڵە و خولیایەکی بۆ ئەمڕۆ و سبەی نەبوایە. هەتا کاتێ لە ئێراندا کەمینەیەک بەناوی ئایینەوە لە هەزارەی سێهەمی مێژوودا، سەرەوەی پەنجا لەسەدی خەڵک پەلکێشی سەر سندووق دەکەن، ئەوە مانای ئەوەیە کە هێشتا سەرەتای خواستی دێموکراسی دەستی پێنەکردووە و بە خاڵی سیفر نەگەیشتووە و پلە مەنفییەکانی ژێر سیفردایە و بێ‌خوڵک و خۆ دەبێ ئەوە ڕوو لە خۆمان بڵێینەوە. دواقسە ئەوەیە کە دەبێ ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە، واتە ڕێژەی بەشداریی خەڵک بە بەشێ لە چارەنووسی ڕێژیم و کۆمەڵگا بزانین و بە قەبووڵی دەرەنجامەکان، نەقدی دۆخی هەنووکە بکەین.



ڕەحیم لوقمانی

ئەوەنـدەی چنگـی تەنیاییـم دەدا
پەنجـەی لـە چەنگـی دڵ
لـە هاوبەندانـی ئـەم ژینـەم، نییـە
دەنگـێ لـە ڕەنگـی دڵ
بـە هیـوای خـۆری ئاواتـم، بـدا
لـەم بەنـدی چـل سـاڵەم
پەیامی دەستی ئازیزێـک نەگەییە
دەرکی زەنگی دڵ
بـە تاسـەی بانگـی لافـاوم کـە
بەنـداوم لـە خـەو هەسـتێ
هەناسـەی هـەوری هاوارێـک نییـە
هەڵکا لە ژەنگـی دڵ
گەلـێ یارانـی ئازیـز بـوون بـە
مۆمـی شـەوهەوای غوربـەت
گەلـێ خوێنـی خەسـارم چـوون
لـە بەژنـی گـوڵ، لـە سـینگی
دڵ"گوڵـێ" گـەر دێتـە هاویـن
و ئەوینی ژینی گرتینم
خەزانـی دابـڕان دەیـکا بـە
خەمخانـە و خەدەنگـی دڵ



پیر لالۆ ڕەنجدەر

## ئاخوندەکان

ئەهریمەنە بێ فەڕەکان
کاسە پڕ بووە و لێی دەڕژێ
سوڵتانەکەی تاران و قوم
خوێنی ئاڵی مەردم دەمژێ
جەللادەکان ..
جەوری نێو زیندانەکانتان
دێوەزمەی سێدارەکانتان
هەناسەی ساردی کۆڵبەرەکان
عەرز و ئاسمان دەگرێنێ
شالووری چەم
خرووزی سپێدەی بەیان
شاباز لە لووتکە دەخوێنێ
مەردم ..
لـە حـەوت خـەوی خۆشـدا
هە ڵد ە سـتێنێ
ڕاچەنینە نەعرەتەیە
گۆمـی ڕەشـی بێدەنگیمـان
د ە شـڵە قێنێ
شەق وشڕی کورسییەکانی
گەندەڵکاران دەهەژێنێ
موژدەی ڕاسان گڕکانێکە
دەمامکەکان دەسووتێنێ
لافاوێکە ..
مێشکە پووچە ژەنگاوییەکان
بـە عەمامـەی پووچەڵـەوە
د ە خنکێنـێ



شەریف حوسێنپەناهی

هەسـتە ئـەی لاوی سـنە! هیـوات ئەگەر
سەرکەوتنە
کـورد ئەبێ ئازادە بێ، هەسـتە چ باکی
مردنە؟
ڕەنگی خوێن چاوت نەترسـێنێ و خۆت
نەگریتە دوور
هەسـتە تێکۆشـین و دیسـان خەینـە ڕێ
تابووتی سوور
دڵ بلێسـەی دێ لـە شـوێنی لاوەکان،
وێنەی تەنوور
هەسـتە بخرۆشـین و دیسـان خەینە ڕێ
تابووتی سوور
خوێنی بێ تاوانی لاوانم لە بیر ناچێتەوە
یـەک گرین، بۆ گرتنی مافـی ئەوان کۆ
بینەوە
هەسـتە باکـوو یـەک گریـن تـا ئەوجـی
سەرکەوتن بڕۆین
دەنگـی گوللـە گەر بهێڵێ بەو پۆلیسـانە
بڵێین:
هەڵگەڕێنـەو ئەو چەکە، تۆ دوژمنت ون
کردووە
دوژمـن ئـەو خوێنخوارەیـە مافی من و
تۆی بردووە



جەلال مەلەکشا

من سنوور ناناسم
کێ مافی داوە بەم جەردانە
ئاسـمان و زەویـن و دەریـاکان
دابـەش کـەن؟
کـێ بـەر درەوشـانەوەی هەتـاوی
گرتـووە
کـێ ئیزنـی پێـداون تیشـک لـە
باڵنـدە دابـڕ کـەن؟
سیمای ڕۆژ بە چڵکی هەناسەی خۆ
ڕەش کەن؟
من سنوور ناناسم!
پێم خۆشە هەڵبفڕم
لـە گوانـی کامـە هـەور زۆر تـەڕە
پـاراو کـەم ئـەم ڕۆحـە شـەقارەم
پێم خۆشە یاسای دەستکردی چـی
خواوەنـدی زەوینە پێشـێل کـەم
بـڕۆم و لـە نێـوان دوو هێمتـی
دنیـادا ڕاوەسـتم
بست بە بست سەرتاپای نیشتمان
بکـەم بـە هێلانـەی ئـەم جەسـتە
ئـاوارەم

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* • *No : 762* • *21 November 2019*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


# خوێنێک بۆ ئازادی

















دانیاڵ ئۆستۆواری (نۆدشه)



مۆبین عەبدوڵڵاهی (جوانرۆ)



یوونس عێزەتی (کرماشان)



مینا شێخی (سەقز)



